PDF4Kurd

ناوی کتێب: دەرهێنان‌و شانۆی مۆدێرن
دیداری: کامەران سوبحان‌و شۆڕش محەمەد حسێن
بابەت: دیدار
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: خالد محەمەد
بەرگ: قادر میرخان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردن: 694ی 2005
دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم
کوردستان-سلێمانی

لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە

# دەرهێنانو شانۆی مۆدێرن

دیدارێکی هەمەلایەنە لەگەڵ د. فازل جاف

دیداری

کامەران سوبحان          شۆڕش محەمەد حسێن

چاپی دووەم

سلێمانی 2006

# 4 دەرهێنان و شانۆی مۆدێرن

## پێشەکی چاپی یەکەم:

دوای ئەوەی کتێبی (ئەزمونی شانۆی مایرهۆڵد)م بەهاوکاری (عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە) وەرگێڕا بۆ سەر زمانی کوردی، بۆم دەرکەوت (د. فازل جاف) یەکێکە لەشانۆکارە بەئەزمونەکانی کورد کە تایبەتمەندە لەشانۆی مایرهۆڵد، بۆیە (منو شۆڕش)ی هاوڕێم خولیامان بوو پێکەوە دانیشتنێکی سێ قۆڵی بکەین بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت کۆمەڵێك زانیاری وردو پێویست لەسەر شانۆی مۆدێرنو شانۆی مایرهۆڵدو ئەزمونە شانۆییەکانی بخەینە بەر دیالۆگ، پێش سازکردنی ئەم گفتوگۆ بەرفراوانە چ من چ شۆڕش بەجیا قسەمان لەگەڵ ئەم شانۆکارەدا کرد چەند جارێکیش گفتوگۆی تایبەتیمان لەگەڵدا کرد بەبێ نووسینو تۆمارکردنو تا دوا جار ئەو هەلەمان بۆ رەخسا کە پێکەوە سێ قۆڵی لەئوتێل ئاشتی دابنیشینو پێش وەخت کۆمەڵێك تەوەرمان دەست نیشانکرد بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین دانیشتنەکەمان ریتمێکی زانستی هەبێتو دووربێت لەکۆمەڵێك باسو خواستی لابەلاو نامەنهەجی، خۆشبەختانە دیدارەکەش هەروا دەرچوو، کە ئەو خۆی پێی وایە ئەم دیدارە یەکێکە لەدیدارە باشەکانو تایبەتمەندەکان کە لەگەڵیدا سازکراوە.

تەوەرەکانی ئەم دیدارە هەمەلایەنو هەمەجۆرن، بەڵام دواجار هەموویان دێنەوە ناو تەوەرێك ئەویش شانۆو پرسیارە کەینونەکانی شانۆی کوردییە، ئەو لەوەڵامەکاندا زۆر راشکاوانە ئەدوێت، بەشێوازێك زۆر جار ئەم نەریتە لای رۆشنبیرەکانمان زۆر کەمە، ئەوەی مایەی نیگەرانی ئێمە بوو، ئەم دیدارە ماوە

ساڵ و نیوێکە لەبەردەستدایەو چەندین جار بەهۆی کۆمەڵێك گرفتەوە خەریك بوو ئەم دیدارە بچێتە خانەی ئەرشیفەوە، بەڵام بەهەوڵی هەموو لایەك ئەم هەوڵەمان رزگارکردو هەر هیچ نەبێت توانیمان بیگەیەنین بەخوێنەری کورد.

سەبارەت بەوەڵامەکانی لەهەندێ شوێندا چ من چ شۆڕش سەرنجمان هەبوەو لەکاتی خۆشیدا پێمان وتوەو ئەویش راشکاوانە وەڵامی داوینەتەوە، دڵنیاشین وەڵامەکانی پرسیار لای خوێنەرو شانۆکاری کورد دەخاتەڕوو، بەهیوای ئەوەی دیالۆگێکی بەهێز لەسەر تەوەرەکانی دروست بێت.

دەمانەوێت ئەوەش راگەیەنین لەئەساسەوە ئەم پرۆژەیەن بیرۆکەی دیدارێك بوو بۆ گۆڤاری ئایندە، بەڵام خۆشبەختانە بەهۆی درێژی وەڵامەکان و قوڵی تەوەرو باسەکان بوو بەپرۆژەی کتێب، هەرچەند ئەم بیرۆکەیە خەریکە دەبێتە پرۆژەیەك و ئەمەی بەردەستیشتان زنجیرەی دووەمی ئەو پرۆژەیەیە کە یەکەمیان کتێبی (ئەزمونگەری و داهێنان) بوو کە بەهەمان شێوە دیدارێکی هەمەلایەنە بوو لەگەڵ شانۆکاری بەئەزموون (دانا رەئوف) و چەند دیدارێکی تریشمان لەبەردەستدایە بەهیواین بەشێوەی زنجیرەی کتێب و لەشوێن و کاتی جیاوازدا بڵاوی بکەینەوە.


**چەند پەرەگرافێك لەسەر چاپی دووەمی ئەم كتێبە:**

دوای ئەوەی چاپی یەكەمی ئەم كتێبە كەوتە بەر دیدەی خوێنەران بۆ خۆم پێشبینی ئەوەم دەكرد كە لەلایەن خوێنەران بەگشتیو قوتابییانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەكان بەتایبەتی جێگەی سەرنجو هەڵوێستە بێت، تارادەیەكی باشیش ئەم بۆچوونەش وا دەرچوو، بەجۆرێك لەماوەیەكی كورتدا لەگەڵ ئەوەی تیراژەكەی تەنها (500)دانە بوو و لەبازاڕدا نەماو لەلایەن زۆرێك لەهاوڕێیانو خوێنەرانی ئەم كتێبە دەستخۆشیو سەرنجو تێبینیمان پێشكەش كرا، ئەمە جگە لەچەند نووسینێك لەسەری لەرۆژنامەكاندا، هەموو ئەمانە بۆ ئێمە جێگەی دڵخۆشی بوو، رەنگە هیچ كەسێك هێندەی نووسەر دڵی بەوە خۆش نەبێت كە ژمارەیەكی زۆری كتێبەكەی بخوێنرێتەوەو بفرۆشرێت..

بەدەر لەمانەش من بۆ خۆم جگە لەم كتێبە (5) كتێبی تری چاپكراوم هەیە، كە هەر یەكەیان بەپێی قۆناغی نووسینو رۆشنبیری خۆم دڵم پێی خۆشە، بەڵام رەنگە چاپكردنەوەی ئەو كتێبە بۆ جاری دووەمو لەماوەیەكی وا كورتدا رەنگە زیاتر دڵخۆشترو زیاتر هانم بدات بۆ ئەوەی لەو پانتاییە بەرفراوانەی هونەرو ئەدەبیاتی شانۆییدا قوڵ ببمەوە دووبارە بەهیوام ئەم كتێبە دیالۆگو قسەی جدی بەدوای خۆیدا بوروژێنێت.

**كامەران سوبحان**

2006/3/9



***باسەرەتا لەوێوە دەست پێبکەین کە بەڕێزت لەسەر بانگێشتی ڕەسمی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاویتەتەوەو لێرەش وۆرک شۆپێکت بۆ قوتابیانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کردۆتەوە. دەمانەوێت بزانین ئاستی هوشیاریو ڕۆشنبیری قوتابیانی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان چۆن بوو، دواتر تاچەند ئامانجی سەفەرەکەت بەرجەست بووە؟**

– بەشداربووانی ئەم وۆرک شۆپە بریتی بوون لە کۆمەڵێ قوتابی کە لە چەند پۆلێکی جیاوازەوە هاتبوون. هەندێکیان قوتابی پۆلی چوارەم بوون، تیاشیاندابوو لەپۆلی سێیەم و دووەم بوو، بۆیە ئەزموون و

ئاستی رۆشنبیریان، وەك من تێیگەیشتم لەپلەی جیاجیادا بوون .لەهەمان کاتدا پلەی حەماسەتیشیان هەر جیاواز بوو. هەچەندە بەگشتی ئاسان نییە بتوانم ئاستی رۆشنبیریان لەبواری شانۆدا بەرجەستە بکەم، چونکە بە راستی زیاتر من قسەم دەکردو ئەوان گوێیان دەگرت. بەلاَم دەتوانم بلێم پلەی حەماسەتیان زۆر بەجۆش بوو. حەماسەتێکی باشیان هەبوو بۆ کارەکە، بۆ بابەتەکە. بەرلەوەی لە گەلیاندا دەست بەکار بکەم، دەربارەی میتودی مییرهولد هەندێك پرسیارم لێکردن، بەگشتی لە هەموو شوێنێك هەروا دەست پێدەکەم، هەستم کرد بۆچوون و شارەزاییان دەربارەی ئەو میتودە زۆر نییە، هەندێکیشیان کەشارەزاییان هەبوو زانیاریەکانیان راست نەبوون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەرچاوەی باش چ بە کوردی و چ بە عەرەبی دەرباری مییرهولد، بەپلەی یەکەم ئەوانەی کە بە عەرەبی نوسراوون تێکڕایان خراپن.



## دیمەنێك لەوڕك شۆپەكانی د. فازڵ جاف

**بەشێوەیەکی گشتی زۆر شت لەسەر مایرهۆڵد بەعەرەبی نوسراوە، تۆ چ کەسێك بەباش دادەنێیت لەسەر مایرهۆڵد نووسیبێتی یان هەندێ سەرچاوەی عەرەبی ناسراو دەربارەی مایرهۆڵد کە تۆ بینیبێتت؟**

که له سانت پیتربوورگ دەمخوێند، هەندێ جار بەدەم پیاسەی ئێوارانی کەناری رووباری نێڤاوە، لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم دوکتۆر سالح سەعد، کە خەڵکی قاهیرەیە، و رەنگە شانۆکارانی لای خۆمان تا رادەیەك ئاشنای نووسینەکانی بن. باسەکانمان بە گشتی دەربارەی شانۆ بوون. رۆژێك باسی ئەوەمان دەکرد کە ئەدەبیاتی شانۆی عەرەبی بەچی شێوەیەك باسی مییرهولد دەکات و رێبازەکەی چۆن بەرجەستە دەکات. باسمان لەوە دەکرد کە ئەم بەرجەستەکردنە چەند لەنگ ونابەجێیە. دوکتۆر سالح گووتی من پێشنیازێکم هەیە. بۆچی باسێکی تێر وتەسەل لە سەر مییرهولد لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا نانووسی. پاش بیرکردنەوە پێم گووت: ئەرکێکی بێهوودەیە. چوونکە دەبێ وەکو کەسێکی تەور بەدەست تێ بکەوی و بەهەمووان بڵێ خراپتان نووسیووە. ئەمەش لە راستیدا کاری ئەکادیمی لێ دەرناچێ. کاری ئەکادیمیی وتوێژینەوە زانستی، کاتێ خۆشە کە تۆ خۆیشت شتگەلێکی نۆی فێر بی، رووبەڕووی بابەتێك ببیتەوە کە زۆر لایەنی قورس وشاراوەی تێدابێ، بەرەنگاریان ببیتەوە وئاکام بە دەست بێنێ.پاشان من کەم باوەڕم بە رەخنە و بە راستکرنەوەی بەرهەمێك

هەیە، ئەگەر سەرتاسەری شتەکان هەڵەبن. ئەگەر هەموو نووسینەکان هەڵەبن، ئەو دەمە پێویست بە بەدیل دەکات نەك بە رەخنە. دەبێ تۆ لەبری وەڵامدانەوە وراستکردنەوەی نووسینی سەقەت بە نووسینی خۆت، بە شێوەی زانستی وئاکادیمی بابەتەکە بخەیتە روو. ئەگینا هەموو تەمەنت بەشی ئەوە ناکات هەڵەی خەڵکی دیکە چاك بکەیتەوە.

یەکەم جار کە لە مەغریب رووبەڕووی قوتابییەکان بوومەوە. هەر وەکو وۆرك شۆپەکەی پەیمانگای سلێمانی، هەمان پرسیارم لێکردن. بۆم دەرکەوت هەندێکیان لە باری تیۆرەوە، باش شارەزابوون، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە فرەنسی زمان بوون. زمانی فرەنسیش لە بارەی زانستی مییرهولدەوە کتێبخانەیەکی گەلێ دەوڵەمەندی هەیە، من خۆم فرەنسی نازانم وئەمەش یەکێکە لە نووقستانییەکانم، کە دەبایە بۆ پسپۆری لە مییرهولد شان بەشانی رووسی، هاوکات خۆم فێری فرەنسیش کردبا. ئەم بایەخپێدانەی فرەنسییەکان بە ئەدەبی رووسی، رووسەکان بە ئەدەبی فرەنسی رەگوڕیشەی گەڵێ کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێتەری گەورە. بۆ نموونە رۆمانووسە مەزنەکانی رووسیا هەندێ دیالۆگی ئۆرستۆکراتەکانیان بە فرەنسی دەنووسی. ئەمە لای دۆستۆیڤسکی و لێرمەنتۆڤ وزۆربەی رۆمانووسانی کلاسیکی رووس بەدی دەکرێ. ئێستا فرەنسا مییرهولدناسێکی وەکو خاتوو کاترین پیکون ڤالینی هەیە، کە بەرهەمەکانی تەنانەت بە نیسبەت مییرهولدناسانی رووسیاوە گرنگە.

من میرهولدناسەکانی فرەنسام لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە میرهولد کە لە ساڵی 1995 لە وەیلزی بەریتانیادا بەسترا، ناسی. هەروەها ژمارەیەکی زۆری میرهولدناسانی جیهان کە بانگێشت کرابوون بۆ ئەوێ.

قوتابیەك لە قوتابیە مەغریبیەکان کە ناوی لەیلا بوو. گووتی: بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە بکەین، پێش هاتنت، بە نووسینەکانی کاترین بیاتریس ڤالیندا چووینەوە..

گووتم ئەی لە رووی پراکتیکەوە، چی دەربارەی مەشقەکانی بیومیکانیك دەزانن؟ یەکێکیان کە عەبدولغەنی نابوو، گووتی هەندی مەشقمان لەم رووەوە لە مامۆستایەکەوە وەرگرتووە، مەشقەکانی پتر لە سەر ئیتودی تیروکەوان بوو.

دەی زۆر چاکە ئیتودی تیروکەوان سەختترین ئیتودی بیومیکانیکە. گەر ئەمە باش بزانن واتە ئەوانی دی ئاسانن. دەکرێ ئەو ئیتودەم بۆ نمایش بکەن؟

قوتابیەك ناوی شەوقی بوو، کە هەر ئەو دەمە ئەکتەرێکی بە ناوبانگ بوو، لە گەڵ جەواد ئەلئەسەدی ومامۆستا بەدری حەسون فەریددا کاری کردبوو. هەستا ئیتۆدەکەی نمایشکرد. شتێکی نمایشکرد، نە لە دوور ونە لە نزیك، پێوەندی بە بیومیکانیکەوە نەبوو. زانیم ئەمە لەوە نییە راست بکرێتەوە، چاك تر وایە قسەی لە سەر نەکەم وپاشان لە پراکتیکدا بۆیان دەرکەوێ کە ئەم ئیتودە چۆن دەبێ نمایش بکرێ .

ئیتودی تیروکەوان سێیەم ئیتود بوو کە کارمان لە سەرکرد. پاش راهێنان لە سەر ئەو ئیتودە ئاڵۆزە، شەوقی پێگووتم، لە رۆژەوە ئەو ئیتودەم پیشکەش کردوە هەست بە شەرمەزاری دەکەم، ئەمە چی بوو ئەم مامۆستایە فێریکردبووین؟

ئەو قوتابیانەی مەغریب کۆمەڵێکی گەلیٚ زیرەك بە توانابوون. شەوقی ئێستا لە هۆڵاندایە، عەبدولغەنی کە لە بواری کومیدیای دیل ئارتی ئەکتەرێکی بە توانایە، ئێستا لە ئیتالیایە و خەریکی نووسینی تێزێك بوو دەربارەی کومیدیا دیل ئارتیٚ وبیومیکانیك، لەیلا لە فرەنسا لە شانۆیکدا کار دەکا. هەمان کۆرس کە دەرسم پێگووتنەوە، لە ساڵی کۆتاییدا لە لایەن فێستیڤاڵی ئەڤینیۆنی فرنسییەوە بانگێشت کران، ئیدی ئەمانە لەویٚ مانەوە و نەگەڕانەوە.

لە گەڵ دوکتۆر سالح سەعد لە ساڵی 1992دا لە فێستیڤاڵی شانۆیی قاهیرە یەکمان گرتووە. گۆڤاری روژانەی فێستیڤالەکەی دامیٚ وگووتی ئەمە گووتاری هاوەڵێکمە دەربارەی مییرهولد. حەز دەکەم رات دەربارەی بزانم. کە خوێندمەوە تەواو بیٚ تاقەت بووم. من بەحوکمی ئەوەی کوردم شتی تورەهاتم زۆر خوێندۆتەوە، بەڵام قەباحەتی وەکو ئەو گووتارەم نەبینیبوو. کابرای نووسەر پێدەچوو لای ئەوان ناوێکی گرنگیش بیٚ، بەڵام باسەکەی کە لە ژێر ناونیشانی بیومیکانیك بوو، بە هیچ جۆریٚ بە لای بیومیکانیکدا نەدەچوو، ئەوەی بیرم بیٚ زیاتر باسی سەمای دەکرد. ئەوەی پتر جێگای سەرنج بوو، ئەوە بوو کە ئاماژەی بە هەندیٚ سەرچاوەی دەستکرد یان ساختە کربوو. کەپاشتر کتێبەکەی

سەعد ئەردەش (المخرج في المسرح المعاصر)م خوێندوە، دووبارە ئەم دیاردەیەم بینیەوە. بۆ نموونە سەرجەمی کتێبەکەی ئەردەش بە یەك سەرچاوەی سەرەکییەوە بەندە، کە لە هەندی شوێندا ئاماژەی پێ دەکات و لە گەلێ شوێنیشدا زانیاریەکانی دەبنە موڵکی خۆی. ئەگەر پێی زانرا ئەوە لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی پێکردوە، ئەگەریش نا، ئەوە هی خۆیەتی. هەندێ جار سەرچاوەی ناو کتێبەکە دەکا بە هی خۆی، بێ ئەوەی ئاماژە بەو کتێبە بکا کە لێوەی وەرگرتووە. بەگشتی کتێبەکەی ئەردەش سەرلەنوێ داڕشتنەوەیەکی شێواوی ئەو کتێبەیە، کە یەکێکە لە کتێبە کانی سەرەتای نووسین دەربارەی پیشەی دەرهێنەرو مێژووی دەرهێنان و ئێستایشی لە گەڵ بێ سەرچاوەیەکی ئەکادیمی گرنگە. کتێبەکە Directors On Directing یەکەم جار ساڵی 1953دا لە لەندەن بڵاوکرایەوە وساڵی 1963 جارێکی دی هەر لە لەندەندا چاپکراوەتەوە. لە لایەن دوو نووسەرەوە ئامادەو کۆکراوەتەوە. هەردوو نووسەر تۆبی کۆلی وهیلی کریچ چینۆی، دوو ژنە تیۆژەوەری ئەمریکی بەناوبانگن، هەردوو زڕخوشکن، گەلێ بەرهەمی گرنگ وفرە لایەنیان هەیە، لە وانە کتێبێکی دیکەیان پێکەوە نووسیووە دەربارەی هونەری ئەکتەر لە ژێر ناونیشانی ئەکتەران دەربارەی نواندن Actors On Acting، کە ئەویش فەرهەنگێکی گەورەیە دەرباری هونەری ئەکتەر. بەڵام ئەردەش ناوی کتێبەکەی ناوە "مخرجون في جلسات الاخراج". وەك ئەوەی ئەم دەرهێنەرانە پێکەوە چەند دانیشتێکیان کردبێ و ئەم کتێبەی لێ هاتبێتە بەرهەم. لە

کاتێکدا کتێبەکە پانتاییەکی مێژوویی فراوان دەگرێتەوە پاڵەوانەکانی زۆربەیان لە یەك سەردەمدا نەژیاوون. کتێبەکە باس لە ریژیسیۆران، هەر لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە تاکو پەنجاکانی سەدەی بیست لە ئەوروپاو لە ئەمریکادا دەکات.خەیاڵ وفەنتازیا باشە، بەڵام نەك لەسەر حیسابی کاری ئەکادیمی کەسانی دیکە.



ریژیسوری جیهانی میرهۆڵد

هەر چەند دەکەم تێناگەم ئەردەش ئەم ناوەی بۆچی وا گۆڕیوە.دەبێ حیکمەت لەم گۆڕانە چی بێ؟. هۆیەکەی هەرچییەك بێ لە

رووی ئەکادیمیییەوە هیچ پاکانەیەکی بۆ نییە، بە غەیری چەواشەکردنی خوێنەر.

کە بۆچوونەکانی خۆم بە نووسەری گووتارەکە گووت، هەستم کرد پێی نیگەران بوو، بەتایبەت گووتیان ئەوە خۆی بە نوێخواز وئەزموونکارێکی گەوەرە دەزانێ، باوەڕی نە بە دەق نە بە ئەکتەر نە بە دەرهێنەر هەیە. کە لە سەر بیومیکانیکیش دەنووسی وەکو تەکنیکی سەما سەیری دەکا.

گووتی: دەباشە بە گووتارێك وەڵامم بدەوە وهەڵەکانم چاك بکەوە. گووتم هەمووی هەڵەیە، چاك ناکرێتەوە. گووتی دەهەر ئەوەندەم پێ دەکرێ، بە عەرەبی سەرچاوە دەربارەی مییرهولد کەمە. گووتم جا کە سەرچاوەت نییە بۆچی دەنووسی؟ بۆ دەبێ دەربارەی مییرهولد بنووسی.

دەزانم بوونی فێستیڤاڵی شانۆی ئەزموونگەری قاهیرە وایان لێ دەکات هەر چۆنێ بێ شتێك دەربارەی مییرهولد وئەزموونە یەك لە دوای یەکەکانی بنووسن، بەڵام ئاواو بەم جۆرە، ئەمە وەکو کتێبەکەی ئەردەش زیانی لە قازانجی زۆرترە.


سەرچاوە نییە! ئەمە بۆ کەسێ راستە کە زمان نەزانێ. دەنا سەرچاوە بە زمانی دیکە زۆرە. تۆ ئەگەر بە راستی توێژەوەری، دەبێ بە لای کەمەوە زمانی سەرەکی ئەو بابەتەی کە لێی دەکۆڵیتەوە، بزانی. بۆ مییرهولدناسین پێوویستیت بە زمانی رووسییە. بۆ برێخت ئەلمانی، و بۆ برووك ئینگلیزی و چاکتر وایە فرەنسیش، و بۆ ئارتۆ

فرەنسی، هتد. دەبێ ئەو زمانە لە سەر ئاستی خوێندەوە و تێگەیشتن، باش بزانی. کە دەشنووسین هەوڵ نەدەین بە ساختە وای پیشان بدەین کە چەند زمانێکی ئەوروپایی بەکار دێنین. نووسەرێك کە زانیارییەکان لە عەرەبییەوە وەردەگرێ، ئەمجا ناوی سەرچاوە ئەسلیەکەی بە ئینگلیزی یان فرەنسی یان ئەڵمانی دەنووسێ و وای پیشان دەدا کە ئەو زمانانەش دەزانێ، کە ئەمە بە داخەوە لەناو کوردی ئەوروپادا باوە. رۆژێك ریژیسیۆرێکی گەنج لە کاتی وەرشەی دەرهێناندا، کە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر سازی کرد، پێی گووتم باشە گەر هەموو ئەم سەرچاوانە هەڵەو چەواشەکەر بن. باشە ئەی ئێمە چی بکەین؟چی بخوێنینەوە؟

پرسیارێکی بەجێیە. ئەمە گیروگرفتێکی گەورەیە. بە رای من تاکە چارەسەر ئەوەیە، بە زمانی ئینگلیزی بخوێننەوە. تکایە کەس نەڵێ ناکرێ و سەختە. ئێستا چ بەهۆی راگەیاندن وچ بە هۆی ئینتەرنێتەوە، فێربوونی زمان لە جاران ئاسانترە. بە تایبەت لە پێناوی هونەرێك کە حەزت لێی بێ و عاشقی بی. پێم وایە پەیمانگاکان سەرەڕای کۆششی شەخسی قوتابی خۆی گەر بایەخ بە زمانی ئینگلیزی بدەن، ئامێکی باشی دەبێ. کە قوتابی بە ئینگلیزی خوێندیەوە ئەوجا لە جیاوازی نێوان بیرکردنەوەی عەرەبی وئەوروپایی تێدەگا. ئیتر هەر تاقەتی نابێ ئەو جۆرە نووسینانە بخوێنێتەوە. چوونکە بیرکردنەوەی ئەوروپایی لە سەر میتود دەڕوا وکۆنکریت و زانستیانەیە ومەبەست دەپێکی و تەواو لێی تێدەگەی.خۆ ئەگەر هەڵکەوێ کتێبێکی ئەورووپی لە سەر میتود

نەڕوا ئەوا یەکسەر هەستی پێ دەکرێ. من کە عەربیەکەم خراپ نییە، ئەمجا لە زۆربەی نووسینی نووسەرانی عەرەب، کە هەندێکیان لە نزیکەوە دەناسم، تێناگەم. یەکێ لەبوارە گرنگەکانی شانۆ کاری تیۆرییە. ئەمەش دەبێ بە پێی میتود بێ. بیرکردنەوەی ئەکادیمی لە شانۆی عەرەبیدا لاوازە، لێرەدا نامەوێ لە هۆیەکانی ئەم دیاردەیە بکۆڵێمەوە. بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە ئەمە بە پلەی یەکەم پێوەندی بە زمانی عەرەبی خۆییەوە هەیە، کە زمان لای عەرەب خۆی لە خۆیدا مەبەستە. یاریکردن بە زمان لای عەرەب خۆی لەخۆیدا هونەرەو مەبەستیشە. لای ئەروپاییەکانیش، زمان ئامرازە، هەر نەبێ لە بواری لێکۆلینەوە و رەخنەو کاری زانستی و ئەکادیمیدا. سارتەر دەڵێ رستە لە بواری فەلسەفەو زانستدا دەبێ روون بێ ویەك مانای مەبەست بێ، لێکدانەوە هەڵبگرێ، بەڵام خۆی لە خۆیدا دەبێ بۆ یەك مەبەست دارێژرابێ. ئەمە لە ئەدەب و داهێناندا وا نییە.

یەکێ لەو سەرچاوە ناسراوانەی کە پشتی پێ دەبەسترێ، کتێبەکەی سەعد ئەردەشە بە ناوی" المخرج في المسرح المعاصر"ە، لەوێدا دەربارەی میرهولد شارەزاییەکی نادروست ونابەجێ دەخاتە روو. گەلێ هەڵەی زەقی کردووە، چ لەڕووی فاکتی مێژووی و بە هەڵە بەکارهێنانی تێرمەکانەوە، و چ لەڕووی ئەوەی کە خودی خۆیشی خراپ لێی تێگەیشتووە وبە نیهادێکی پاك نەینووسیوە. بەگشتی کتێبەکەی لەسەر میتودیکی ئاکادیمی نەنووسراوە، مۆرکی سەرپێی و وکاڵ کرچی و فەرزکردنی رای شەخسی پێوە دیارە.ئەم بۆچوونـە نەك



**دیمەنێك لەشانۆنامەی لالۆ ڤانیا**

هەر میرهولد، بگرە هەموو ریژیسیۆرەکانی دیکەش دەگرێتەوە، کە ئەردەش باسیان لێوە دەکا. لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو هەڵانە دەدەم. لە بەر ئەوەی ئەم کتێبە، لە گەڵ کتێبێ شانۆی ئەزموونگەریی: لە ستانیسلاڤسکییەوە تاکو ئەمڕۆ لە نووسینی جەیمس رووس ئیڤانز، وەرگێرانی فاروق عەبدوالقادر، وەکو سەرنجمدا، لە پەیمانگاکان و لە گەلێ نووسین لە کوردستاندا بوون بە سەرچاوەی سەرەکی. بە تایبەت لەو نووسینانەدا کە دەربارەی میرهولد بڵاودەکرێنەوە، بە داخەوە پشتیان پێ دەبەسترێ. کاریگەرێتی ئەم کتێبە لە سەر شانۆکارانی کورد ئەوەندە خراپە بەڕادەی ئەوەی کچە نووسەرێك گووتارێکی

دەربارەی مییرهولد نووسیبوو، تێیدا دەڵێ کە چۆن مییرهولد باوەڕی بە میزانسین نەبووە، کە میزانسین جەوهەری میتودی دەرهێنانە لای مییرهولد. مییرهولد دەڵێ میزانسیە زمانی ریژیسیۆرە.

ئەردەش وێنەیەکی هەڵە وچەواشەی میتودی هونەری نواندن ودەرهێنان لای مییرهولد دەکێشێ، بەوەی کە چەند ئاکامێك کە مییرهولد لە ساڵی 1905 سەبارەت بە نمایشکردنی میترلینك گشتگیر دەکات و ئەمجا پێمان دەڵێ ئەمە رێبازی نواندنە لای مییرهولد. لە کاتێکدا ئەو قۆناخە بۆ مییرهولد سەرەتای ژیانی هونەری بوو، هێشتا بە هیچ جۆری باسی لە میتودو رێباز نەکردوە. ئەم قۆناخە بۆ مییرهولد تەنیا قۆناخی یاخیبوونە. یاخیبوونە لە قوتابخانەی هونەریی مۆسکۆ. سەرەڕای هەموو خۆشەویست وپێزانینێکی بۆ ستانیسلاڤسکیی مامۆستای. گەر بگەڕێینەوە سەر گوتارەکەی مییرهولد، شانۆی ناتورالیزم و شانۆی میزاج. لە بەشی چوارەمی ئەم گووتارەدا کە لە ژێر ناونیشانی یەکەم هەوڵدان بۆ بەشێوازکردنی شانۆ، باس لە چونیەتی رەفتارکردنی ئەکتەرانی ستۆدیۆی ساڵی 1905 دەکات کە کاریان لە سەر دەقەکانی میتیرلینك و هاوپتمان وئیبسن دەکرد.. ئەردەش شانۆکار چەواشە دەکا بەوەی کە چەند رێنماییێکی مییرهولد بۆ ئەکتەرەکانی سەبارەت بە چۆنیەتی نمایشکردنی میترلینك گشتگیر(تعمیم) دەکات.مییرهولد بە نووسین ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لە رێگای

کارکردنیانەوە لە سەر شانۆنامەکانی میترلینك گەیشتنە چ ئاکامێك. چی جۆرە بۆچوون و هزر و تەسەورێك بە گشتی لە لای ئەکتەران وریژیسیۆرانی ستودیۆ کە لە رێگای زەینەوە (حدس) دروستبووە. بزانە مییرهولد بە ئاگا و بە ووردی گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆی دەکات. مییرهولد چوونکە خۆی ئێستێت بوو، داڕشتنەکانی لە رووی ئێستاتیکاوە دەستکاری هەڵنەگاریێ. دیقەت بدەن مییرهولد تەنانەت کە باس لە ئاکامی پرۆسەیەك دەکات، دەڵێ ئەکتەرەکان وریژیسیۆرەکان بە زەین (حدس) گەیشتن بەم دوو لایەنە. مییرهولد بۆچوونەکانی خۆی لە مەڕ رەفتارکردن لە گەڵ میترلینکدا، لە دوو خاڵدا چڕ دەکاتەوە. یەکەم دەنگ(القا ء)، دووەم پلاستیکا. لە بارەی دەنگەوە شەش( ئەردەش کردوونی بە پێنج) خاڵ دەخاتە روو، لە وانە کە دەنگسازی دەبێ سارد بێ دوور بێ لە لەرینەوە کە گوزارشت لە گریان دەکات، ووشەکان وەکو دلۆپە ئاو بەربنەوە ناو بیرێکی قووڵ هتد...( بۆ بەراووردکردن بڕوانە کتێبی یەکەمی مییرهولد76-77 وەرگێرانی دوکتۆر شریف شاکر).

لە خاڵی دووەمدا مییرهولد باسی پلاستیکا و شانۆی مەرجئامێز دەکا. ئەم ووتارە لە بارەی ئێستاتیکاوە یەکێکە لە گوتارە گرنکەکانی مییرهولد . بەڵام ئەردەش بە داخەوە تەنیا چوار دێڕی یەکەمی لێ خوێندۆتەوە ویەکسەر بەکاری هێناون، ئاخ..ئەگەر هەموو گووتارەکەی دەخۆێندەوە ئەو دەم بەجۆرێکی دی لێی تێدەگەیشت.



دیمەنێک لەنمایشی دڵ گەوەری قۆچدار

من له مەغریب و لەمیسریش خەڵکم دیوە، گووتاریانم خوێندووتەوە، که دەڵێن رێبازی میێرهولد واته سارد قسه بکە، ووشەکانت وەکو دڵۆپە وابیٚ که دەکەوێته ناو بیریکی قووڵەوە، دەنگت نابیٚ بلەرێتەوە.ئەمە هەمووی لەئەدردەشەوە داکەوتەوە.

جارێك له مەغریب موحازەرەم بۆ کلاسێك دەگووتەوە که پێشتر کارم له گەڵدا نەکردبوون. من هەمیشه به پرسیاریٚ دەست پیٚ دەکەم که چەند شارەزای میتودی میێرهولدن، کچه قووتابیەك هاته وەڵام و گووتی مەبەستت بیومیکانیکە، گووتم بەڵیٚ، گووتی بیومیکانیك واته دەنگت مەلەرێنەوە ووشەکانت دەبیٚ وەکو دڵۆپه ئاو چۆن بەردەبێتەوە

ناو بیرێکی قووڵ ئیتر هەتا دوایی. تێگەیشتم ئەم تێگەیشتنە سەقەتە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ. من تێناگەم ئەردەش چۆن بیری لەوەی نەدکردۆتەوە، کەچۆن دەبێ ریژیسیۆرێ پێنج خاڵ دەربارەی دەنگ، بکاتە بنەما بۆ هەموو شانۆنامەیەك، باشە ئەی ئەگەر شانۆنامەکە کۆمیدی بوو، یان سیاسی بوو. ئەکتەرەکان هەر دەبێ سارد قسە بکەن؟

تێگەیشتنی شانۆ بەگشتی و شانۆی رووسی وسۆڤێتی بە تایبەتی، واتە شانۆی رووسی پێش شۆڕش وپاش شۆڕش، بێ تێگەیشتن لە ڕەوتی مێژووی ئەو سەردەمە و گۆڕانکارییە سیاسیەکانی مەحاڵە. ئەمەش لەکەێکی دیکەیە لە کتێبەکەی ئەردەش، کە بێ پەروا تێدەکەوێ و بە خەیال شت دروست دەکا و ئەمجا هەر ئەو شتە شی دەکاتەوە کە ئەسڵی نییە وخۆی دروستی کردوە. لەوانە ئەردەش لەهەموو قۆناخەکانی رەوتی ژیان وشانۆکەی مییرهولد بە هەلپەرست لە قەڵەم دەدات. چوونکە لەوە تێناگات کە مییرهولد هەر لە تاڤ مێردمنداڵییەوە چەپڕە بوو، لەوەشدا لە گەڵ خۆیدا راستگۆ بوو. ئەردەش هەموو گۆڕانکارییەکان لە چاوی بەرژەوەندی شەخسییەوە دەخوێنێتەوە، ئایدۆلۆجیا ...بیر...باوەڕ...کێشەی جیاوازی لە دیدو بۆچوون، هەموو ئەم تایبەتمەندیانەی کە مییرهولدیان کرد بەم مییرهولدە، ئەمانە هیچیان ناخوێنێتەوە. ئەمەش بە راستی کێشەی خۆیەتی و بە سەر مییرهولددا دایدەرێژێ.

میرهولد کوڕی دەوڵەمەندترین پیاوی شاری پێنزا بوو، کە دەکەوێتە خوارووی رۆژئاوای مۆسکۆوە. باوکی خاوەنی کارگەیەکی گەورەی ڤۆدکا بوو. ئێستاش ڤۆدکایەك هەیە بە ناوی میرخولدسکایا، خەڵکێکی توریست وا دەزانن ئەم ڤۆدکایە بە ناوی میرهولدی ریژیسیۆرەوەیە، بەڵام لە راستیدا بەناوی بنەماڵەی میرهولدەوەیە. کە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندبوون. بەڵام میرهولد لەگەڵ باوکیدا نەدەگونجا، چوونکە پێی وا بوو کە باوکی لە گەڵ کرێکارەکاندا خراپ رەفتاری دەکرد.باوکی سەرمایەداربوو. میرهولد بە دایکی دەگووت چۆن بتوانم باوکێکی ئاوام خۆش بوێ.

ئەگەر میرهولد بەرژەوەندی رۆژی لە چاوگرتبا قەت لە گەڵ باوکیدا تێکی نەدەدا، قەت وەك گەنجێکی بیست ساڵان لە گەڵ تیپی شانۆی موسکۆدا وبە تایبەت لە گەڵ ستانیسلاڤیسکی و نەمیرۆڤیتچ دانچینکۆدا، نەدەکەوتە کێشەوە. ئەم شانۆیەو ئەم دوو رێبەرە خاوەنی دەسەڵاتێکی هونەری و ئابووری ئەوتۆ بوون، کە کارکردن لە گەڵیاندا خەونی شانۆکارانی ئەو سەردەمەی نەك رووسیا، بگرە ئەورووپاو ئەمریکاش بوو. شانۆکاران دەیانوویست بە هەر شێوەیەك بێ خۆیان بگەیێنن بە شانۆی هونەری موسکۆ، چوونکە ئەم شانۆیە بە هۆی ستانیسلاڤسکییەوە،خەریك بوو نەك هەر لە روسیادا بگرە لە هەموو جیهاندا دەناسرا. دواتر هەرواش کەوتەوە. بەڵام میرهولد سەرەڕای هەموو ئەمانە وسەرەڕای هەژاریی و سەختی بازاری ئەو سەردەمەی

شانۆی رووسی، له كێشەكەیدا لە گەڵ شانۆی هونەری موسكو دەستی هەڵنەگرت. چوونكە  بە پلەی یەكەم كێشەكەی بە لاوە كێشەیەكی فیكری بوو، كێشەی شانۆی ئاینده بوو. لەمەشدا مییرهولد چەپڕەوانە بیری دەكردوە، ستانیسلاڤیسكی ودانچینكۆش راستڕەوانە. دامەزرێنەرانی شانۆی هونەریی مۆسكۆ لە سەر پەیامێكی كۆمەلایەتی و هونەریانە رێكەوتن كە مەغزایەكی سیاسی هەبوو وپێوەندی بە روحی ئەو سەردەمەوە بوو وجەختیان لە سەرگۆڕانكاری دەكرد. ئەمەشیان بە ئاشكرا لە رۆژی یەكەمی دامەزراندا دەربڕی. مییرهولد پێی وابوو شانۆی هونەری مۆسكو لەو پەیامە پاشگەزبۆتەوە و لە بەرنامەی فیكرییەكەی خۆی لایداوە. ئەمەش لە دەستینشانكردنی رێپێرتواری شانۆكەدا دەركەوت، كاتێ كە لە بری شانۆنامەی بۆرجوازییە شڕەكانی گۆرگی، كە دەمێك بوو بڕیاریان لە سەر دابوو و كاریشان لەسەر كردبوو، مییرهولدیش بە تاسەوە چاوەڕوانی دەكرد، شانۆنامەی لەخەونمدای دانچینكۆیان هەڵبژارد، كە بە رای ئەو لە رووی ناوەڕۆك و لە رووی دراماتورگییەوە، شانۆنامەیەكی بێ كەڵك بوو. لە سەر ئاستی مێژووش هەر قسەكەی مییرهولد راست دەرچوو، شانۆنامەكە هەر زوو لە بیركراو لە شانۆی هونەریی مۆسكۆ نەبێ كەس دانچینكۆی وەكو  شانۆنووس شرۆڤە نەكرد. حەقیقەتی ئەوەی كە شانۆی هونەریی مۆسكۆ لەو پەیامەی كە ستانیسلاڤسكی و دانچێنكۆ بۆیان دانابوو لای دابوو، زۆری نەبرد وا دەرچوو.  گۆركی هەر دوای ئەوە هەموو دەقی شانۆییەكانی خۆی وەرگرتەوە و پێوەندی

لە گەڵ شانۆی هونەریی موسکۆ بڕی، تا چەندساڵێ بەر لە مردنی هیچ پێوەندییەکی بەو شانۆیەوە نەمابوو. بەڵام هەر پاش مردنی و بۆ ڕێزلێنان لە گۆرکی ناوی شانۆی هونەریی مۆسکۆیان بە ناوی ئەوەوە نا. واتە بوو بە شانۆی ئەکادیمی هونەریی مۆسکۆی گۆرکی. ئەمەش یەکێکە لە نووکتەکانی سەردەمی ستالین شانۆیەك بە ناوی گۆرکییەوە نرا، کە نزیکەی بیست ساڵ، سەری پێدا نەدەکرد. ئەمە یەکەم شەڕی ئایدۆلۆجی میرهۆلد بوو، کە بوو بە هۆی ئەوەی ئیتر لە شانۆی هونەریی موسکۆدا جێگای نەبێتەوە. دەڵێن میرهولد شانۆی هونەریی موسکۆی بە جێ هێشت، بەڵام لە راستیدا بەجێهێشتنەکەی جۆرێ بوو لە دەکردن، چوونکە لە دووبارە دامەزراندنەوەی شانۆی هونەریی مۆسکۆدا، لەسەر بنەمای کڕینی بەش، ناوی میرهولد لە لیستی دامەزرێنەران نەبوو. ئەمە چیخۆڤ وگۆرکی نیگەران کرد. هەردوو نارەزاییان بەرامبەر بەم رەفتارە دەربڕی. چیخۆڤ کە تازە لە نووسینی شانۆنامەی سێ خوشکەکە ببوەوە، کە بە تایبەتی بۆ تیپی شانۆی هونەری مۆسکۆی نووسیبوو، یەکسەر کۆپییێەکی بۆ ستانیسلاڤسکی و کۆپییێەکیشی بۆ میرهولد نارد.

کە میرهولد شانۆی هونەریی موسکۆی بە جیهێشت بۆ شاری خیرسۆنی نزیکی دەریای رەش لە ئۆکراینادا، دوور لە هەموو نێوەندێکی شانۆیی، ئەو دەم خیرسون ژمارەی دانیشتوانی 73هەزار کەس بوو. میرهولد لەوێ لە گەڵ چەند شانۆکاریکی هاوڕییدا لە بارو دۆخێکی دژواردا بەو پەڕی هەژاری دەست بە کاربوون. ئەردەش دەڵێ لەم ماوەیەدا

میرهولد نەیتوانی شتێکی ئەوتۆ بکات. بێ ئەوەی لەوە تێبگات کە میرهولد هەر لەم ماوەیەدا ئەزموونی نوێی خۆی لە مەیدانی سیمبولیزم و شێوازگەری وشەرتیەت خستە گەڕ، گەلێ چەمکی گرنگ کە پاشان دەبنە کلیلی شانۆ مۆدێرن، هەر لێرەوە لای ئەو سەریان هەڵدا. هەموو کاری میرهولدیان لە و شارە دوورەی دوور لە داب و نەریتی شانۆ پێ سەیر بوو. چیخۆڤ ئەمەی بە شێتی دەزانی. بەڵام بۆ نا؟ کەس ناڵێ میرهولد ئاسایی بوو. لە ساڵێکدا 89 شانۆنامەی دەرهێناوە.ژمارە ولیست ومێژوویان تۆمارکراوە. ئەمجاش ئەردەش دەڵێ میرهولد نەیتوانی کارێکی بەرچاوی بکات. ئاخر هەر ئەم ژمارەیە کە تا ئێستاش پسپۆڕانی شانۆ لە نهێنیەکەی تێناگەن، دەکاتە ڕێپێرتواری چەند ساڵێکی شانۆکانی میسری ئێستا.



دکتۆر فازڵ جاف لەکاتی راهێناندا

ئەردەش ئەو هۆکارە باس ناکات کە ستانیسلاڤسکی ناچارکرد جارێکی دی میرهولد بانگێشت بکا بۆ شانۆی هونەریی مۆسکۆ. ئەو دەیەوێ وای پیشان بدا کە هۆیەکەی تەنیا گەورەیی و دڵفراوانی ستانیسلاڤسکی بوو. ئەگەر وایە ئەی بۆ پێی لەسەر دەکردنی میرهولد داگرت. دەبێ وەك لێکۆلەوەر بزانێ کە پاش راونانی میرهولد، بۆچی دەبێ ستانیسلاڤسکی جارێکی دی، سەرەڕای هەموو نارەزایی دانچینکۆ وکەسانی دی، سوور بو لە سەر بانگێشتکردنی میرهولد.


دیارە لێرەدا سەرهەڵدانی ئەدەبی رەمزی لە شانۆدا و بە تایبەتی سەرهەڵدانی شانۆنامەکانی میتیرلینك کێشەی گەورەی، نەك ستانیسلاڤسکی وشانۆی هونەریی مۆسکۆ بوو، بگرە کێشەی هەموو شانۆی ئەوروپاییش بوو، کە ریژیسیۆرانی وەکو ماکس رایناهاردت وگۆردن کرەیگ دەیانوویست زمانێکی نۆیی بەرجەستەکردن بۆ ئەم رێبازە نوێیە بدۆزنەوە.

ستانیسلاڤسکی لە کتێبەکەیدا، ژیانم لە هونەردا باس لەوە دەکا کە میرهولد لە شارە دوورەکاندا ئەزموونی لە سەر ئەم بابەتە کردوە و لە نمایشکردنی میتیرلینك وسیمبولیزمدا ئاکامی باشی بەدەست هێناوە. ستانیسلاڤسکی خۆی لە دەرهێنانی سێ کورتە شانۆنامەی میترلینکدا نەهامەتی بەدەست هێنا، و تێگەیشت کە ئەوە میتودەی کاری پێ

دەکەن، هەر لە گەڵ ناتورالیزم وریالیزم دەگونجیٚ، و ناتوانیٚ مامەڵە لە گەڵ تەوژمێکی نۆیی وەکو ئەدەبی رەمزی بکا.راستە لەمەشدا هەر گەورەیی ستانیسلاڤسکی دەردەکەویٚ کە لە پێناوی گەیشتن بە ئاکامی راستەقینەدا ولە پێناوی گەیشتن بە جەوهەری هونەریی، بەرامبەر بە هەموو شانۆکە وەستایەوە. بەڵام هاوکات ئەوەیشی دەزانی کە کلیلەکانی شانۆی مۆدیرن وان بە مییرهولد. نەك هەر پێش خۆی بگرە پێش راینهاردت وگرەیەکیش. بۆیە مییرهولد جارێکی دی گەڕایەوە بۆ شانۆی هونەریی مۆسکۆ، بۆ سەر پەرشتیکردنی ستودیۆی 1905 کە لە شانۆی رووسیادا بایەخ وگرنگی خۆی هەیە.

لە باسی ستودیۆی 1905 ئەردەش دیسانەوە دەکەوێتەوە هەڵەی کووشندەوە. بۆ نموونە دەڵیٚ ستانیسلاڤسکی کەشێکی بیٚ وێنەی بۆ مییرهولد رەخساند، بەوەی کە چی سینیۆگراف وموسیقی و ئەکتەری بلیمەت هەیە، بۆی خستە کار. ئەمە هەر راست نییە، چوونکە ئەو سینۆگرافانەی کە لەو ستودیۆیەدا لە گەل مییرهولد کاریان کرد، ستانیسلاڤسکی نەیهێنابوون، سینۆگراڤی بلیمەتیش نەبوون، دەتوانم بڵیم هەر نیگار گێش بوون و وەکو سینۆگراف ئەزموونیان هیچ نەبوو. هەر چواریان هاوڕێی مییرهولد بوون، گەورەترینیان تەمەنی بیست وسیٚ ساڵ بوو. ئەمانە ئاڵودەی سیمبولیزم بوون، وەکو مییرهولدیش یاخی بوون. بە دەرچوونی مییرهولد لە شانۆی هونەریی مۆسکۆ، ئەوانیش کەسیان نەمانەوە، بەڵام پاشتر کە لە بواری سینۆگرافیادا لە

گەڵ میرهولد کاریان کرد، بوون بە بلیمەت، ئەمەیان راستە. بەتایبەت لە دامەزراندنی بنچینەکانی سیمبولیزمدا کە ئەمەش بۆخۆی مەیدانێکی فراوانە، پێی دەگووترێ" مەیدانی میرهولد وسینیۆگراف".



دیمەنێك لەنمایشەکانی بارِبا

ئەکتەرەکانیش هەر یەکەو لە لایەکەوە هاتبوو. هەندێکیان ئەکتەری شانۆی هونەریی مۆسکۆ بوون، هەندێکی دیکەیان هەر لە گەڵ میرهولد هاتبوون، هەندێکی دیکەیش لەم لاو لەو لاوە هاتبوون. ئەمە کارەکەی میرهولدی یەکجار سەخت کرد، چوونکە بۆ ئەوەی بە

مەبەست بگات دەبایە سەر لە نۆی کۆرسی نواندن سازبکات، نەك تاقیکردنەوە لە سەر سیمبولیزمی میترلینك و هاوپتمان وئیبسن. ئەمەو سەرەڕای بەرپابوونی شۆرشی 1905،کە لە لایەن ستانیسلاڤسکییەوە هۆی سەرەکی راگرتنی ستودیۆکە بوو.

لە گەڵ ئەوەشدا ستانیسلاڤسکی ومییرهولدیش، هەر دوو گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە گیروگرفتەکە وا لە هونەری ئەکتەر دایە. هەردوو کەوتنە کارکردن هەر یەکەو لەسەر میتودی خۆی. ئا لێرەوە بایەخی ستودیۆی 1905 مان بۆ دەرکەوێ.

پاش رووخان ونەهامەتی شۆرشی 1905 مییرهولد لە بارێکی دەروونی یەکجار سەختەدا دەژیا، جارێکی دیکە دەگەرێتەوە بۆ خیرسۆن و پاش ساڵێك دەگەرێتەوە بۆ پیترۆگراد( پیتەر بورگی ئەوسا) و بۆ یەك ساڵ لەشانۆی کۆمیسارجێڤسکی وەکو ریژیسیۆر کاردەکات. ئەکتەری بەناوبانگی ئەو دەمەی رووسیا ڤێرا کۆمیسارجێڤساکایا خاوەنی شانۆی کۆمیسارجێڤسکی بوو، هەر ئەویش مییرهولدی دامەزراند، چوونکە ئەو خۆیشی سەرگەرمی شانۆی سیمبولیزم بوو، بۆ ئەو مەبەستەش کەسی لە مییرهولد باشتر دەستنەدەکەوت. ئەم ساڵە لە رەوتی هونەریی مییرهولد وئەزموونە نوێیەکانیدا بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێ. بەڵام مییرهولد و کۆمیسارجیڤساکایا کیشەو ناکۆکییەکی سەخت کەوتە نێوانیانەوە، جا بەو پێیەی کە کۆمیسارجێڤسکایا خاوەن ماڵ بوو، دەبوایە مییرهولد جێی بهێلێ و بۆ ماوەیەك بێکار بمێنێتەوە.

میرهولد بەو پێیەی کە ئادەمییەکی دینامیك وخاوەن ووزەیەکی بێ سنوور بوو، نەیدەتوانی بێکار دانیشێ. باری دەروونی تا دەهات خراپتر دەبوو. تەنانەت هاورێیەکی خۆی گوتبووی میرهولد وەکو کەنگەر بە ناو پێترۆگرادا دەگەڕێ.

لەم سەردەمەدا شانۆی ئەلکسەندەرینسکی کە شانۆی یەکەمی دەوڵەت بوو، تووشی قەیران ببوو. قەیرانی چەقبەستن وخۆدووبارەکردنەوە، کە دەبایە ریژیسیۆرێکی بە توانا چارەسەری بکا. بۆ ئەو مەبەستەش لە میرهولد چاکتریان نەدەدۆزیەوە. میرهولدیش بێ کار بوو. لەم بارودۆخەدا سینیۆگرافی گەورەی ئەو سەردەمە ئەلکسەندەر گۆلۆڤین کە سینیۆگرافی شانۆی ئەلکسەندەرییسکی بوو، ناوی میرهولد بۆ بەریوەبەری شانۆکە پێشنیازدە کرد. بەڵام میرهولد بۆ شانۆیەکی خاوەن داب ونەریتی و کۆن وتەقلیدی، وەك هەڕەشە تەماشا دەکرا. زۆربەی هەرە زۆری کارمەندانی ئەو شانۆیە دژی بوون. بە تایبەتی ئەکتەران . چۆن دەبێ ریژیسیۆرێکی نوێخوازی سەر بە گۆبەنی وەکو میرهولد لە شانۆی ئیمپراتۆریدا کار بکا. گۆلۆڤین وەکو سینیۆگرافێکی بلیمەت حەزی دەکرد لە گەڵ میرهولددت کار بکات. بەڵام دەنگی ناڕەزایی لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی ناو شانۆی ئەلکسەندەرینسکی لەمپەرێکی گەورە بوو لە پێش دامەزراندنی میرهولددا. لە کۆتاییدا میرهولد دامەزرێندرا بەڵام بە مەرجێك، کە بەهیچ جۆرێك بە لای ئەزموونکاری ونوێخوازیدا

نەڕوا وکار نەکات بۆ ئەوەی شانۆی دێرینی ئەلکسەندەرینسکی بکات بە ستودیۆی تاقیکردنەوە و کاری نوێخوازی. لە کۆنتراکتی دامەزراندا مییرهولد ئیمزای لە سەر ئەم مەرجانە کرد. بەڵام هەر بە بە پێچەوانەوە کاری کرد. یازدە ساڵی رەبەق بە دوو قۆڵی لە گەڵ گۆلۆڤین کاری کرد.. سەرەتایەکی پڕ لە کیشەو ناکۆکی ململانی بوو، بەڵام پاشتر هەموو کێشەکان دامرکانەوە. ئەم قۆناغەش بەقۆناغێکی دەوڵەمەندی رەوتی هونەری مییرهولد دادەنرێ. کە نمایشەکانی بۆ یەکەم جار بەرجەستەکردنی فۆرمەکانی شانۆی ئاسیایی، کابوکی ونەو ی جاپانی گرتە خۆ. لە رووی داراییشەوە مییرهولد ناچار بوو پاش کارەکەی خۆی بۆ بژێوی لە قوتابخانەیەکی شانۆدا دەرس بڵێتەوە. نەك وەکو ئەردەش دەڵێ های لایف دەژیا.



فازڵ جاف

لەکاتی گفتوگۆو دیالۆگدا

بەلأم بابزانین ئەردەش چۆن ئەمە دەگێڕێتەوە. دەڵێ هەر پاش رووخانی شۆڕشی 1905 قەیسەرەکان چوون مییرهولدیان هێنا و لە شانۆی ئەلکسەندەرینسکی دایان مەزراند. وەکو ئەوەی مییرهولد برادەری شەخسی قەیسەر بووبێ. نەك هەر ئەوەندە، وای پیشان دەدا کە مییرهولد شۆڕشەکەی بۆ قەیسەر کوژاندبێتەوە. ئەردەش دەڵێ کارکردن لە شانۆی ئیمپراتۆڕیدا خەونی مییرهولد بووە. بە پێچەوانەوە مییرهولد ناچاری پاڵی پێوە نا لە وێ کار بکا و کۆنتراکتێك دژ بە هەموو خواستەکانی خۆی ئیمزا بکا. مییرهولد بە پێچەوانەی ستانیسلاڤسکییەوە پێش شوڕش قەت بۆی نەلوا ببێ بە خاوەنی شانۆی خۆی.

گەلێ جار باسکردنی مێژووی شانۆ وەکو چیرۆکی پۆلیسی بۆ کەسێ کە شارەزا نەبێ، رەنگە بەچێژ بێ، بەلأم چەواشکردنی خوێنەر نیشانەی نەبوونی هەستکردنە بە لێپرسینەوە.

ئەردەش لە باسکردنی شانۆی مییرهولد لە قۆناخی شۆڕشدا، کاتێ کە یەکسەر بەرەوە پیری شۆرش چوو، دەیەوەێ مییرهولد وەکو هەلپەرستێك پیشان بدات، لە مەشدا دیسانەوە فەنتازیای خۆی بەکار دێنێ. بێ ئەوەی ئەوە بزانێ کە مییرهولد وهاوەڵەکانی، لە سەروی هەموویانەوە مایاکۆڤسکی دەمێ بوو لە هونەردا شۆڕشیان بەرپاکردبوو، ئەوان چاوەڕێی شۆڕشی سیاسیان دەکرد.

هەرچەند رۆژێ پاش بەرپابوونی شۆڕش، لوناچارسکی کە پاشتر بوو یەکەم وەزیری رۆشنبیری سۆڤیەت نامەیکی ئاڕاستەی سەدو بیست هونەرمەندو نووسەر کرد وداوای لێکردن ئامادەی کۆبوونەوەی یەکێتی هونەرمەندان وئەدیبانی شۆڕش بن. تەنیا پێنجیان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، لە وانە میرهولد ومایاکوڤسکی و بلۆك. هێشتا کەس نەیدەیتوانی پشتی بە سەرکەوتنی شۆڕش ئەستوور بێ. میرهولد هەر زوو خۆی یەکلا کردوە، هەربۆیە یەکسەر و بێ ئەوەی هیچ کارێکی نوێی مسۆگەر کردبێ دەستکشانەوەی خۆی لە شانۆی ئیمپراتۆری راگەیاند،. بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژیش بێ مووچە کاری دەکرد.

رەخنەگری رووسی ماتسکین دەڵێ شۆڕش ئاسوودەیەکێ دەروونی بە میرهولد بەخشی. پێشتر لە ناو شانۆی دەولەتییدا هەستی بە نامۆبوون دەکرد. میرهولد یەکەم ریژیسیۆر بوو کە بە باوەڕەوە بوو بە کۆمەنیست. پاشتریش ستانیسلاڤسکی و تاییرۆڤیش هەر وایان کرد. بەڵام پاش چەند ساڵێك کە زانیان شۆڕش تەواو دمەزراوە. تەنانەت پیش گوللەبارنکردنیشی لە لایەن کۆمەنیستانی ستالینەوە، میرهولد لە نامەیەکدا بو مۆلۆتۆڤی ئەندامی پۆلیت بیرۆی ئەو سەردەمەی پارتی کۆمۆنیست، دەڵێ تەمەنم 66ساڵە، بە کۆمۆنیزم نەبێ، باوەڕم بە هیچ حەقیقەتێکی دی نییە.

ئەردەش باس لەوە دەكات كە شۆڕش چەند ئیماكاناتی بێ سنووری خستە ژێردەستی مییرهولد بۆ ئەوەی نمایشە گەورە گرانبەهاكانی خۆی پیادە بكات. ئەم قسەیەش هەر دوورە لە راستییەوە. چوونكە نمایشەكانی مییرهولد بە تایبەتی پاش شۆڕش هەر زۆر كەم مسرەف بوون. كە یەكەم شانۆنامەی مایاكۆڤسكی دەرهێنا، مایاكۆڤسكی لە بەر كەم دەرامەتی خۆی ناچار بوو یەكێ لە رۆڵەكان نمایش بكات. نمایشەكانی دیكەی كە لە مێژووی شانۆدا ناویان بە نەمریی ماوەنتەوە، وەكو دارستان و موفەتیش و كامیلیا و زۆری دیكە، هەموو بە دەرامەتێكی كەم ئەنجام دراون. ساڵانی دوای شۆڕش لە رووی داراییەوە بۆ كولتوور بە گشتی و بۆ شانۆ بە تایبەتی قوناخێكی گەلێ دژوار بوو. بە تایبەتی لە سەردەمی لینیندا كە پلانی پێنج ساڵەی بە سیاسەتی تەقەشوفەوە جێبەجێكرد. ئیدی شانۆكارانی وەكو مییرهولد وهاوەڵانی بە بژی و مەمرە دەژیان. بەڵام مییرهولد هەر بەو بارودۆخەی پاش شۆڕش دڵشاد، بوو چوونكە پاشان بوو بە خاوەنی شانۆی خۆی. لە هەردوو قۆناخی قەیسەری وشۆڕشدا مییرهولد دڵسۆزی شانۆ بوو، بەڵام بە دڵەوە ئینتیمای بۆ شۆڕش هەبوو، نەك وەكو ئەردەش دەڵێ دڵسۆزی هەردوو قۆناخەكە بوو.

بە درێژایی رەوتی دەوڵەمەندو دوورو درێژی ژیانی هونەریی مییرهولد تاكە یەك شانۆنامەی گرانبەهای دەرهێنا. ئەویش شانۆنامەی ماسكارادی ( ئاهەنگی دەمامكپۆشین ) ی لێرمەنتۆڤ بوو،

لە سەرشانۆی ئەلکسندەرینسکی. میرهولد و گۆلۆڤین زۆر کاریان لە سەر ئەم شانۆنامەیە کرد. هۆکارێکی دیکەش ئە بوو کە لە ماوەی شەش ساڵدا چەندین جار کارەکەیان راگیردەکرا، تاکو ئەو ئێوارەیەی کە شۆرش راگەیێندرا، ئیدی شانۆنامەکە بە رێکەوە لەو ئێوارەیەدا نمایش کرا، لە کاتێکدا کە خەڵك گوێی لە گوللەتۆپەکانی شۆرش بوو شانۆی ئەلەکسەندەرینسکی یەکەم نمایشیان پێشکەش کرد.

راستە ئەم شانۆنامەیە مەسرەف زۆر بوو. ئەمەش هوکاری خۆی هەبوو، لەوانە وەکو گووتم چەند جارێك کارکرنیان لە سەرشانۆنامەکە راگرت، بەڵام شانۆگەریەکە لە ساڵی 1917 ەوە بەردەوام پیشاندەدرا، ولە رێپێرتوار مایەوە تاکو ساڵی1941 . شانۆنامەکە تەنانەت دوو ساڵ دوای گووللەبارانکردنی ریژیسیۆرەکەی هەر پێشکەش دەکرا. کە راگیریشکرا لە بەر ئەوە بوو کە شانۆی ئەلکسەندەرینسکی لە شەڕی دووەمی جیهاندا بەر بۆمبابارانی هیزەکانی نازی کەوت، هەموو سینیۆگرافیاو دیکۆر وکەرسەی شانۆگەرییەکە لەو بۆمباباراکردنانەدا تیا چوون.

رەنگە بکرێ هەموو هەڵەکانی ئەردەش وەکو هەڵەی زانیاری و فاکت و هەڵەی ل بۆچوون، لەگەڵ دەسپیسی و زەوتکردنی زانیاری کەسانی دیکە، تا رادەیەك چاوپۆشیان لێ بکرێ. بەڵام فەرزکردنی رای شەخسی وگوزارشتکردن لە نیهادی خراپ، لە کتێبیکی ئاوادا، گاریگەری خراپ لای خەڵك بەجێدێڵێ. بۆ نموونە ناوزەدکردنی

میرهولد بە هەلپەرست یان پیاوی قەیسەر، ئەمە بۆ لێکۆڵەوەری جیدی کارێکی نەنگە. نموونەیەکی دیکە، کە دێتە سەر باسی بریخت دەڵێ بەڵام بەرامبەر بە برێخت، هیچمان نییە بە غەیری ئەوەی سەری نەوازشی بۆ دابنۆنین. ئەمە تەنیا لە بەر ئەوەی برێخت لای عەرەبەکان لە بەر کێشەی فەلەستین لەو سەردەمەدا زۆر خۆشەویست بوو، کە ئەوان پێیان وابوو شێوازی بریخت باشترین ڕێگایە بۆ دەربڕینی ئەو کێشەیە، بێ ئەوەی لە لایەنە ئێستاتیکیەکانی تێبگەن. ئەوە بوو بریخت وا نابووت کرا هەر باس ناکرێ. ئێستا خۆیشیان زۆری باس ناکەن. پاشان ئێمە دەمانەوێ ئەردەش بە شێوەیەکی زانستیانە شانۆی برێختمان بۆ ڕوونبکاتەوە. لە ژیانی تایبەتی خۆیدا سەربەستە چەندی سەر بۆ دادەنوێنی.

هەر لە باسی هەلپەرستی و بەرژەوەندیدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەردەش چۆن لە بەشی کۆتایی کتێبەکە کە تایبەتە بە شانۆی عەرەبی، بە گەورەیی باسی ریژیسیۆری کوێتی صقر الرشود دەکا، کە ریژیسیۆرێکی مامناوەندی بوو، خۆی خۆی پێگەیاندبوو. لە بەر ئەوەی الرشود دەسەڵاتێکی گەورەی ئابووری وهونەری لە ناو شانۆی کویتی و پەیمانگای شانۆ وفێستیڤاڵەکاندا هەبوو، ئەردەش وعلی الراعی وکەسانی دیکەی لە میسرەوەوە دەهێنا بۆ بەرزکردنەوی ئاستی شانۆی کویتی، بەڵام بێ هوودەش بوو.نە ستانیسلاڤسکی نە میرهولد نە گرەیك، ئەوەندەی الرشود لە لایەن ئەردەشەوە ستایش نەکراون.

لە سەردانەکەمدا بۆ میسر، شانۆنووسی سوری وەلید ئیخلاسی و ڕۆژنامەنووس موحیدین لازیقانی بە ئەردەشیان ناساندم و لە پاڵ ئەهرامدا هەندێ وێنەمان گرت. ڕۆژێ پێشتر لە یەکێ لە گفتوگوکاندا بەشداریم کرد، لە ناوەڕاستی قسەکانمدا بووم، ئەردەش گووتی: تکایە ئاگادار بە کە نیوەی دانیشتوانی هۆڵەکە شانۆنووسانی شانۆی عەرەبین. گووتم: دەزانم، زۆربەشیان دەناسم، من رای خۆم دەڵێم و هەستی کەسیش بریندار ناکەم، فێریش نەکراوم بە درۆ موجامەلەی کەس بکەم. پاش وێنەگرتن بە دەرفەتم زانی باسی کتێبەکەی لە گەڵ بکەم، پێم گووت رەخنەم لە کتێبەکەت المخرج في المسرح المعاصر هەیە، گووتی: ئا... بەڵام کویتیەکان سەر لە نوێ چاپی دەکەنەوە و لە سەری نەڕۆیشت. پاش جیابوونەوە ئیخلاصی گووتی : سەیرە ئەمە وا دەزانی ئەگەر کویتییەکان سەر لەنوێ کتێبەکە چاپ بکەنەوە، یانی کتێبەکە هەڵەی تێدا نییە.

کتێبەکەی ئەردەشم بە نموونە هێنایەوە بۆ خوێنکاران وشانۆکارانی کورد بۆ ئەوەی پتر پشت بە سەرچاوە بە زمانی ئەورووپایی ببەستن، یان بە سەرچاوەی تەرجەمەکراو، بە تایبەتی لە لایەن هەندێ وەرگێڕی باوەڕپێکراوەوە.

کتێبی شانۆی ئەزموونگەری لە ستانیسلاڤسکییەوە هەتا ئەمڕۆ، نووسینی جەیمس ئیڤان رووس:

کتێبیٚ شانۆی ئەزموونگەری کە فاروق عەبدولقادر کردویەتی بە عەرەبی، بەشێکی بچووکی تێدا تەرخان کراوە بۆ میێرهولد، لە تێزی دوکتۆرانامەکەمدا لە ووشەی دەستپێکدا ئەم کتێبەم وەکو نموونەی توێژینەوەی خراپ دەربارەی میێرهولد، هێناوەتەوە. من بێگومانم بەشەکانی دیکەی کتێبەکە لە هەڵەی کوشندە بیٚ بەش نیین، چوونکە هەمان میتودی نووسین و بیٚ سەروبەری وپەلە پەلی، ئەوانی دیکەش وەکو ستانیسلاڤسکی وڤاختانگۆڤ وتاییرۆڤ دەگرێتەوە. نووسەری کتێبەکە بە شێوەیەکی رەق و ووشك و لە هەندیٚ شوێنیشدا بازاڕیانە دەنووسی. پشت بە دوو کەس دەبەستیٚ کە پێوەندییان لە گەڵ میێرهولددا دۆستانە نەبووە، بە تایبەت فیۆدر کۆمیسارجێڤسکی برای ڤێرا کۆمیسارجێڤسکایا کە رۆڵی سەرەکی هەبوو لە تێك دانی پێوەندی شانۆکارانەی نێوان میێرهولد وڤێرادا ولە دەرکردنی میێرهولددا. فیۆدر بە پیشە سینیۆگراف بوو. بەڵام هەموو هەولٚ وتەقەلایەکی بۆ ئەوە بوو پاش میێرهولد خۆی ببیٚ بە ریژیسیۆر، لەراستیشدا لەم هەوڵەیدا سەرکەوت، بەڵام لە رووی هونەرییەوە هەرگیز نەیتوانی بگاتە پایەی میێرهولد.کیشەی شەخسی نێوان میێرهولد و فیۆدر لە مێژووی شانۆی رووسیدا ئاشکرایە. فیۆدەر سەرچاوەیەکی سەرەکی روس – ئیڤانسە.

روس–ئیڤانس باس لە کێشەی نێوان ستانیسلاڤسکی ومیێرهولد دەکا لەسییەکاندا. هەر شارەزایەکی شانۆی رووسی دەزانی کە لە سییەکاندا هەردوو کەڵە ریژیسیۆر تەواو لەیەك نزیك بوونەوە وگەلیٚ

شتی هاوبەشیان لەنیواندا هەبوو. بە تایبەت کە ستانیسلاڤسکی کاری لە سەر میتودی کرداری فیزیولۆجی دەکرد، ئەوە بوو لەو سەردەمەی کە روس–ئیڤانس بە سەردەمەی کێشەی دادەنیٚ، ستانیسلاڤسکی دیسانەو میرهولدی بانگێشت کرد بۆ راهێنان ومەشق پێکردنی ئەکتەرانی لە سەر میتودی بیومیکانیك.

روس–ئیڤانس دەڵێ: ساڵی 1932 ستانیسلاڤسکی ودانچینکۆ دەبایە بە توندی رەخنەیان لە فۆرمالیزم گرتبا. کەس تێناگا بۆچی. بۆ دەبایە رەخنەی توونديان گرتبا، لە کاتێکدا هیچ بەڵگەیەك نییە کە داوایان لێکرابێ یان ناچار کرابن کاری وا بکەن . ئەگەر ئەم رستەیە ستالین نووسیبایە رێی تێدەچوو، نەك نووسەرێك. هەر چۆنی بێ شتی وانییە. چوونکە بەکوورتی کەس نەیدەوێرا وزاتی نەدەکرد مەرجی ئاوا بەسەرستانیسلاڤسکیدا بسەپێنیٚ.

نووسەر پێمان دەڵێ کە ستانیسلاڤسکی و دانچینگو شانۆنامەی دڵە گەرمەکانی ئۆستڕۆڤسکیان، وەکو وەڵامێك بۆ میرهولد دەرهێنا، کە ئەکتەری وەکو بووکە شووشە بەکاردەهێنا. جاریٚ وا بزانم ئەم نووسەرە دوو بابەت تێکەڵ دەکات، یەکەمیان ئەوەیە کە نووسەر پێدەچیٚ مەبەستی شانۆنامەی دارستانی ئۆستڕۆڤسکی بیٚ، کە میرهولد لە ساڵی 1924 دەریهێناو بۆ ماوەی 13 ساڵ پێشکەش کرا. ئەگەر مەبەستی نووسەر ئەوە بیٚ کە بەرهەمەکەی شانۆی هونەریی مۆسکۆ وەکو هاوتایەکەیەك بوو بەرامبەر بە کارەکەی میرهولد، ئەمە رەنگە رێگای تێبچیٚ. بەڵام نمایشەکەی میرهولد لە سەر شێوازی

ماسکی کۆمەڵایەتی، کە یەکێکە لە داهێنانەکانی مییرهولد دەڕۆیشت نەك بووکە شووشە، مییرهولد هەرگیز باسی بووکەشووشە و قەرەقۆزی نەکردوە. سوپەرماریۆنیت یان سوپەرقەرەقۆز بە بابەتێکی گۆردن گرەیك ناسراوە، چ پێوەندی بە مییرهولدەوە نییە.

روس-ئیڤانس دەڵێ مییرهولد ڤیرا کۆمیسارجیڤساکایای پشت گۆی دەخست. ئەمەش راست نییە، چوونکە ڤێرا هەموو رۆلە سەرەکانی نمایش دەکر، لە مەشدا پرسی بە مییرهولد نەدەکر. لە بەر ئەوەی خۆی خاوەنی شانۆکە بوو، ئەگەر مییرهولد تەنانەت گەلاوێژ و گورگیش دەرهێنابا، دەبوایە گەلاوێژ ڤێرا بوایە، لە گەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی چلی تێپەڕاندبوو.

هەروەها دەڵێ لە شانۆنامەی بەڵاگانچگ ( نمایش میللی)دا، مییرهولد ئەکتەرو قەرەقۆزی پێکەوە بەکار هێنا. ئەمەش هەر هەڵەیە، چوونکە مییرهولد لەو نمایشدا خۆی روڵی پیرۆ، کە یەکێکە لە ماسکەکانی کۆمیدیا دیل ئارتێی، دەبینی. ئەم رۆڵەی لە شێوەی قەرەقۆز نمایش دەکرد. مییرهولد هەرگیز لە سەر شانۆدا بووکەشووشە وقەرەقۆزی بەکار نەهێناوە.

هەروەها دەڵی مییرهولد ساڵی1908 گەڕایەوە بۆ مینسك و لە بری دیکۆر سکرینی بەکارهێنا. شتی وانییە. مییرهولد بۆ یەکەم جار سکرینی لە بیستەکاندا بەکار هێنا. بە هەمان شێوەش کە دەڵێ مییرهولد بایەخی بە سێرك ومیوزیکهۆل دەدا. کەی؟ لە 1908 دا؟ ئەویش هەر دەکەوێتە بیستەکانەوە.



**دیمەنێك لەۆرك شۆپەكانی د. فازڵ جاف**

**لە هەموو بۆچوونەکانی خراپتر ئەوەیە کەباس لە میتودی میرهولد دەکات ودەڵێ میرهولد گوزارشتی دەم وچاوی ئەکتەری لە ووشە بەلاوە گرنگ تربوو. بەلای میرهولد جووڵە لە ووشە گرنگترە، نەك دەم وچاوی ئەکتەر، چوونکە دەم و چاوی ئەکتەر لە دەیەمین سەرەی ناو هۆڵەکەوە نابینرێ، ئەوەی دەبینرێ پلاستیکایە، جووڵەی لەشی ئەکتەرە نەك دەم چاو، لە هیچ شوێنێکی نووسینەکانی میرهولددا، بۆچوونی وانییە. ئەمجا هەر لەم قۆناخە سەرەتاییەدا، قوناخی دەیەکان باس لەوە دەکا کە میرهولد چۆن ئیلهامی لە تیۆری پاڤلۆڤ لە**

مەڕ تەداعی وەرگرتوو، ئەمەش دیسانەوە دەکەوێتە بیستەکانەوە، ئەمە جگە لەوەی کە مییرهولد سوودی لە تیۆری کرداری ئینعیکاسی وەرگرت نەك لە تیۆری تەداعی، چوونکە پاڤلۆڤ بە هیچ جۆری شتی وای باس نەکردوە.

نووسەری کتێبەکە جێمس ڤان روس دەڵێ لەهیچ وولاتێکی ئەو سەردەمەدا، ئەو ئیمکانیاتە زۆرە بۆ ئەزموونکاران تەرخان نەکراوە،کە لە رووسیای سەردەمی لینین کراوە، هەر چەندە ئەو لە هونەر وئەدەبدا خاوەن دیدێکی پارێزگارانە بوو. ئەمەش بۆخۆی هەڵەیەکی میژوویی گەورەیە،جاری لینین بە شێوەیەکی گشتی ئارەزووی لە هونەر نەبوو. هەر نەیشدەزانی مییرهولد کێیە. زۆر بە دەگمەن دەچوو بۆ شانۆ، تەنیا بۆ شانۆی هونەریی مۆسکۆ دەچوو، ئەویش بۆ بینی شانۆنامەکانی ئەدەبی کلاسیکی رووسی. دەسەسڕەکەی دەردەهێناو فرمێسکەکانی دەسڕی وپاشان دەرۆیشت. ئەوەندیە سالآنی یەکەمی دوای شۆڕش لینن نەیدەتوانی یەکسەر یارمەتیە ئابووریەکانی هونەر وکولتوور ببڕێ، دوای ئەوەیش ئەوەندە نەژیا.

لە گەڵ ئەوەشدا هیچ شانۆیەك لە روسیای پاش شۆڕشدا باری ئابووری وەك شانۆی مییرهولد خراپ نەبوو. شانۆی هونەریی موسکۆ دەوڵەتیی بوو، ئەمجا ئەوەندەی نەبرد شانۆی کامیرنی تایرۆڤ کە بە هیچ پێوەرێکی هونەری نە دەگەیشتە ئاستی شانۆی مییرهولد، ئەویش کرا بە شانۆی دەوڵەتیی، بەڵام شانۆکەی مییرهولد وەکو شانۆیەکی ئەهلی بە هەژاری و بێ دەرامەتی مایەوە تا ساڵی 1926 کە بۆ یەکەم

جار کرا بە شانۆی دەوڵەتیی. گەلێ جار نەیاندەتوانی خەرجی سینۆگرافیاو جل وبەرگ مسۆگەر بکەن، تەنانەت لە شانۆنامەی مەرگی تاریلکیندا دەرگای تایبەتی خۆیان بۆ دیکۆری شانۆگەریەکە لە ماڵەوە هێنا، کە سینیۆگرافی بەناوبانگی ئەو سەردەمە ستیپانۆڤا جوانترین و بەکارترین سینیۆگرافیای بۆ شانۆگەرییەکە دروستکرد، ئێستاش لە مێژووی شانۆدا جێگای دیارە.

بەگشتی کتێبەکەی روس –ئیڤانس لەو پێنج لاپەڕیەدا ( باس لە ئینگلیزێیەکەی دەکەم و بە عەرەبی نەم خوێندۆتەوە) کە دەربارەی میرهولدە، ئەمەندەی هەڵە تێدایە کە سەد لاپەڕە نووسینی دەوێ. ئەم نووسەرە بێ باك بە ئارەزووی خۆی لە ناو مێژوودا پیاسە دەکا. رووداوەکانی سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی رابووردو دەباتە ناو بیستەکان و هەندێ جار رووداوی بیستەکان دێنێتە پێشەوە، هەندێ جاریش ناوەڕاستی رووداوەکان بە کۆتایی لە قەڵەم دەدات، وەکو ئەوەی کە دەڵێ میرهوڵد لە ساڵی 1926 شانۆنامەی پشکنەری پێشکەش کرد کە دوا بەرهەمی بوو. دیارە میرهولد دەیان بەرهەمی دی دوای پشکنەر دەرهێناوە لەوانە شانۆنامەکانی مایاکۆڤسکی، کە چاکەکانیان دەکەونە سییەکانەوە. میرهولد هەتا کاتی گرتنیشی لە ساڵی 1939 وەکو ریژیسیۆر گەلێ چالاك بوو. پێم سەیرە نووسەرێکی ئەوروپایی وئینگلیز بەم بێ سەر و بەرییە بنووسی. لەوەش سەیر تر ئەوەیە کە چۆن رەخنەگرێکی وەکو فاروق عەبدولقادر ئەم کتێبەی وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

روس–ئیڤانس وەکو سویدی دەڵێن بۆ خۆی لە دەرەوەیە و پاسکیل لیَ دەخورِیَ. واتە فرِی بە مەسەلەکەوە نییە.

هەر لەم دەرفەتەدا حەز دەکەم کە ئاماژە بەوە بدەم کە لە ساڵی 1992 بەشداریم کرد لە فێستیڤاڵی شانۆی ئەزموونگەری قاهیرە. رێکەوتێك لە گەڵ فاروق عەبدولقادری وەرگێڕی کتێبەکە و توێژەوەری مەغریبی دوکتور عبدالرحمن زیدان کۆی کردینەوە. بە دەرفەتم زانی رایەکانی خۆمی پیَ بڵێم دەربارەی کتێبەکە.کە گۆیی لە تێبینیەکانم بوو گەلێکی پیَ سەیر بوو، کە کەسانی هەبن ئەو کتێبە، کە خوێنەرانی عەرەب سەرسامی بوون وهەر پاش بڵاوکردنەوەی لە بازاڕدا نەما، بەو جۆرە شرۆڤەی بکەن.پێش جیابوونەوە داوای لێکردم کە ئەگەر دەکریَ تێبینیەکانی خۆمی بە نووسین بۆ بنێرم.

دیاردەی وەرگێڕانی ئەم جۆرە کتێبانە لە میسردا، دەگەرێتەوە بۆ فێستیڤاڵی شانۆی ئەزموونگەری لە قاهیرە. ووشەی ئەزموونگەرێتی لە دەستپێکی ئەم فیستیڤاڵەوە سەدایەکی زۆر خۆش و بریقەداری لە شانۆی عەرەبیدا پەیدا کرد، هەرچەندە وابزانم ئەمساڵ خولی چواردەیەمی فێستیڤاڵەکەیە وکەس نەگەیشتۆتە پێناسەیەکی بەکەڵکی زاروەکە.

شانۆکارانی عەرەب ژمارەیەك کتێبیان دەربارەی شانۆی ئەزموونگەری بڵاوکرادوە. زۆربە زۆری نمایشەکانی دەرهێنەرە ناسراوەکانیان بە ئەزموونگەر لە قەڵەم دەدەن. لە کاتێکدا کەس ئەم زارەوەیە وەکو بابەتی تیۆری باس نەکردوە،. زیاتر لە بواری خوول

وۆرك شۆپدا بۆ لاوان مەسەلەی ئەزموونگەرێتی باس دەکرێ. من لە سوید یان لە رووسیادا، کتێبێکەم لە بارەیەوە نەدیووە. لەوە دەچێ ئەو میللەتانە باسی ئەزموونگەری دەکەن ئەوانەن کە شانۆیان نییە. وەکو عەرەب وکورد.

بەتێکرا ئەو سەرچاوانەی کە بە عەرەبی دەربارەی مییرهولد هەن، ئاستی ئەکادیمیان بەرز نییە. وەگێڕانەکەی دوکتور شریف شاکری لێدەربچێت، کە کتێبەکەی مییرهولد خۆیەتی و بەشێکی لێکردووە بە عەرەبی، هەرچەندە ئەوەش بۆ خۆی تێکڕای کارەکانی مییرهولد نییە، ئەو کتێبە بە رووسی دووبەشەو بەهەردوو بەشەکەی980 لاپەڕە دەبن، بەڵام ئەو چەند وتارێکی لەو کتێبە هەڵبژاردووە بێگومان دەبێ ئەوەش بڵێم کە وەرگێڕانەکەی دوکتور شریف شاکر گەلێ سەرکەوتووە.

هەرچەندە تێگەیشتن لەو کتێبەش بۆ خۆی ئاسان نیە، دەبێت مرۆڤ پاشخانێکی مێژوویی چاکی دەربارەی شانۆی ڕووسی و مییر هولد وستانیسلاڤیسکی هەبێت تاکو لە و کتێبە تێ بگات.

کاتێ کە کتێبەکە( دەربارەی شانۆ) بۆیەکەم جار ساڵی 1913 کەوتە بەردەست، ڤاختانگۆڤ یەکێ بوو لەوانەی کەپێی سەرسام بوو وگووتی هەموو ئەوەی مییرهولد لێرەدا گووتوویەتی من پێشتر بیرم لێ کردۆتەوە، بەڵام نەم توانیووە ئاوا بە چڕی دایڕێژم. ئەمە رای ڤاختانگۆڤە. بەڵام بێگومان رای دیکەش هەیە کە پێچەوانەی رایەکەی ڤاختانگۆڤە. بۆ نموونە رۆژی لە هەولێر مامۆستایەکی پەیمانگا پێی

گووتم: دوکتۆر ئەمرۆ دەربارەی میرهولد  بۆ قوتابییەکانم موحازەرەم هەبوو. کە هەر کەسێکی کە بوایە دەرفەتی ئەوەی دەقۆستەوە کەمن لە هەولێرم بووم و داوای لێدەکردم کە من ئەو ئەرکەی لە کۆڵ  بکەمەوە. هەرچۆنیَ بیَ دەستخۆشیم لیَ کرد. بەڵام لە سەری رۆیشت و گووتی: من دوو بەرگەگەی کتێبی میرهولدم، کە وەرگێڕانی دوکتۆر شریف شاکرە، بەکارهێنا. گووتم ئەو دوو بەرگە بۆ تێگەیشتن لە شانۆی میرهولد گرنگن، وەرگێڕانەکەیشی بیَ غەل وغەش و سەرکەوتووە. گووتی نا ئەوەیان بۆ من گرنگ نییە، چوونکە من تەواوی هەردوو بەرگەکەم لە شەش حەوت لاپەڕەیەدا  کوورت کردۆتەوە وهەرچی زیادە و بابەتی   بیَ کەڵکی تێدایە، هەمووم فریَ دا. یەکەم جار بوو ببیستم کە ئەو کتێبە شتیَ زیادە وبێکەڵکی تێدا بیَ. یەکەم جار بوو کەسێکی ئەوەندە بە جورئەت ببینم کە 500( وەرگێڕانەکەی شریف شاکر) لاپەڕەی تیۆری ئێستاتیکا بکا بە حەوت لاپەڕە. گووتم تۆ بە راستی پێت وایە ئەم کتێبە شتی بێکەڵکی تێدایە. گووتی ئەوەی من مەبەستمە تەنیا چەند جوملەیەکی سەرەتانییە وکارم بەوانی دیکە نییە. من تێناگەم رستەی سەرەتانی یانی چی، بەڵام ئەگەر مامۆستایەك میتود بۆ قوبیەکانی شی بکاتەوە، نابیَ کاری وا بکا. نابیَ رێگای پیَ بدریَ کاری وا بکا. بۆ خۆی کاری وا بکا سەربەستە، بەڵام لە بواری پەروەردەکردنی قوتابییدا ئەمە فەرامۆش ناکریَ.  ئەم مامۆستایە مەترسی ئەوەی لیَ دەکریَ کە هەموو بەرگەکانی ستانیسلاڤسکی، کتێبی ئۆرگانونی بچووکی برێخت، هونەی شانۆی

گۆردن گرەیك، رووبەری بەتاڵی برووك، وەكو چیرۆكی پۆلیسی قوتابیكانی بكا بە حەوت هەشت لاپەڕە بۆ و وایان لیٚ تیٚبگەیٚنی كە ئەوانی دی بیٚ كەڵكن، نەك هەر ئەوەندە قوتابیەكانیشی فیٚری ئەم سەنعەتە بكا. بە راستی ئەم كردەوەیە زیان بە قوتابی دەگەیٚنیٚ.

***ئایا قورس نیە بۆ قوتابیەكی پەیمانگەی هونەرە جوانەكان ستانیسلاڤسكی باش ناناسیٚت بڕوات پەنا بیات بۆ میبرهولد؟**

–من نازانم ئەوان تاچەند ستانیسلاڤسكی دەناسن، بەڵام بەڕاستی ستانیسلاڤسكی ناسین نەك هەرلە پەیمانگەی هونەرە جوانەكانی سلیٚمانی، بگرە لە هەموو عیٚراق و وولاٚتانی عەرەبیدا جیگای پرسیارە، بە ڕای من كەس لە عیٚراقدا بەباشی و ڕیكوپیٚكی ئەم میتۆدەی نەخستۆتەكار، وا باوە جاسم ئەلعبودی كە لە كۆلیجی گودمانتیاتر لەشیكاگۆ خویٚندوبووی، لە عیراقدا باشترین ستانیسلاڤسكیست بووە. گومان لەوەدا نییە كە ئەم كۆلیجە بەناوبانگترین كۆلیجە ئەمریكایە كە تەواو لەسەر سیستەمی ستانیسلاڤسكی دەڕوات. بەڵام جیٚگای داخە كە ئەلعبودی ئەم میتودەی وەكو بەرنامەیەكی تیٚروتەسەل لە پرۆگرامی ئەكادیمیادا سەقامگیر نەكرد.دیار بوو ئەوانەی كە دەرسی ستانیسلاڤسكییان دەگووتەوە هەر یەكەو لە بەشیٚكی حەقیقەتی میتودەكەیان دەزانی. وەكو مامۆستایان ئەسعەد عەبدولرزاق كە زیاتر كتیٚبی راهیٚنانی ئەكتەری بەش بەش شی دەكردەوە، بەڵام لایەنە پراكتیكەی پیٚ نەدەچوو بە ڕیٚوە، مامۆستا بەهنام میخائیل، ئەویش ریٚبازی ستانیسلاڤسكی پیادە دەكرد، بەڵام تەنیا كاری لە سەر

قۆناخی ناتورالیزمی ستانیسلاڤسکی دەکرد، واتە قۆناخی سەرەتا، کە ستانیسلاڤسکی هێشتا نە گەیشتبوو بەوەی کار لە سەر سیستەمەکەی بکا. بە گشتی مامۆستا بەهنام ووشك وبرینگ کاری لەسەر ئەو میتودە دەکر، بێ ئەوەی بایەخ بە جوهەرە شانۆییەکەی بدا کە ئەمە لە هەموو میتودێکدا ئەسڵی مەبەستە، ئیدی قوتابی لە کۆتاییدا ستانیسلاڤسکی بە ووشك وبرینگ وبێ تام دەزانی.

پێم وایە خەڵکێکی زۆر لەوانەی باسی ستانیسلاڤسکی دەکەن، یان وەکو بەرنامەی دەرس دەیڵێنەوە، میتودەکەی هەر لە رێی خۆیندنەوەیەکی خێراوە دەناسن. یان پشت تەنیا بە کتێبی(ڕاهێنانی ئەکتەر)ەوە دەبەستن، کە کتێبێکی سەرەکییە. بەڵام یەکێکە لە کتێبە سەرەکییەکانی ستانیسلاڤسکی، تەنیا راهێنانی ئەکتەر بەس نییە. مامۆستایانی هونەری نواندن کە ستانیسلاڤسکی دەڵێنەوە، دەبێ بەلانی کەمەوە دیراسەی بەرهەمەکانی دیکەی بکەن، بە تایبەتی کە خۆشبەختانە دوکتور شریف شاکر تەرجەمەیەکی نایابی کردوون. سەرنج بدەن، من ناڵێم خوێندنەوە، دەڵێم دیراسەکردن. چونکە کارکردن لەسەر رێبازی ستانیسلاڤسکی کاتی دەوێ. ستانیسلاڤسکی هەموو تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کرد. سەرجەمی کارەکانی لە 10 بەرگدا لە چاپدراون. بێگومان شارەزایی قووڵ دەربارەی ستانیسلاڤسکی ومیتودەکەی کارێکی ئاسان نییە، وئەویش تەمەنێکی دەوێ. ناشڵێم دەبێ ئەو دە بەرگە بخوێندرێن چوونکە ئەمە مەحاڵە. من 15ساڵە کار لە سەر میتودی میێرهولد دەکەم، هێشتا گەلێ لایەنی

میتودەکەی ماوە کاری لە سەر بکەم. سیستمی ستانیسلاڤسکی کاری زۆر دەویٚ چوونکە بۆخۆی سیستمێکە لەسەر ناوەوەو دەرەوە دەڕوات. لەسەر رەهەندەکانی رۆحی وزەینی وسایکۆلۆژی وئیحساس و هەست ونەست و ئەمجا رەهەندی فیزیکی، جەستەی ئەکتەر دەڕوا. کە ستانیسلاڤسکی میتودەکە دەکات بە دوو کەرتەوە، واتا ناوەوەو دەرەوە، ناوەوە ودەرەوەی ئەکتەر، ئەمجا ناوەوە ودەرەوەی رۆڵ وبە میتۆدیکی قوول دادەچورێتە ناو ناخی ئەکتەر وکارەئەکتەرەوە، ئەمە ئەرکێکی کورت خایەن و ئاسان نییە. ئەمجا لایەنێکی دیکەی ستانیسلاڤسکی هەیە کە لە مەسەلە ی تێگەیشتنی رێبازەکەی گرنگە. ئەویش تێگەیشتنی ستانیسلاڤسکی ریژیسیۆرە. ئێمە تاکو ئێستا باسمان لە ستانیسلاڤسکی ئەکتەر و پەروەردەکار کردوە، بەلاّم ستانیسلاڤسکی ریژیسیۆر کە کەلپوورێکی ئەوەند دەوڵەمەندی دوای خۆی بەجێهێشتووە، بە هیچ شێوەیەك نرخی تەواو نابیٚ. نەخشەو پلانی ریژیسیۆری لە گەڵ وێنەی میزانسینەکانی ئەو شانۆگەرییانەی کە دەریهێناون، لە شەش بەرگی گەورەدا کە ژمارەی لاپەڕەکانی 3000 تێدەپەڕێنی، لە چاپدراون . بۆ کەسیٚ بیەوی دیراسەی رێبازی ستانیسلاڤسکی دیراسەکردنی میزانسینەکان رێگایەکی باشە.

گرنگترین پرنسیپ لە میتودی ستانیسلاڤسکیدا راستگۆییە. چوونکە دوا مەبەستی میتودەکەی گەیشتنە بە راستگۆیی هونەری. ئەمەش لە راستگۆی لە گەڵ ژیان خۆییەوە سەرچاوە دەگریٚ. بەلاّم بەداخەوە زۆر جار لە گەڵ بەراستگۆیی گواستنەوەی ژیان بۆسەر شانۆ

تێکەڵ دەکرێ. من پێم وایە ستانیسلاڤسکی کە باس لە راستگۆیی هونەری دەکات، مەبەستی ئەوەیە چەند لەگەڵ ئەو کارەی خۆت راستگۆی وچەند دەتوانی باوەڕ بەخەڵك بێنیٚ کە تۆ راست دەکەیت. فەرموو بە پێی میتودی میێرهولد نمایش بکە، یان بە پێی بریخت یان گرۆتۆڤسکی، یان میتودی شەخسی خۆت، گرنگ ئەوەیە تۆ لە سەرشانۆ لەگەل ئەو فۆرمە هونەرییەی یان ئەو میتودەی بەکاری دێنی راستگۆبی و وامان لێبکەی باوەڕت پیٚ بکەین.دینامیکیەتێکی راستگۆیانە بخوڵقێنی، برووکیش ئەگەر بە ووردی لە نووسینەکانی بکۆڵێنەوە هەروا دەڵیٚ، دەڵیٚ هەموو تەرز و چەشنەکانی شانۆ لە کاتێکدا گرنگن دینامیکیەت بخوڵقێنیٚ.لە میتودەکەی ئەودا ئەم مەبەستە لە فەزای بەتاڵدا چاکتر دێتە ئەنجام. بەڵام ئەویش وەکو ستانیسلاڤسکی بروای بە ژیانی ناوەوە وژیانی دەروەی کارەئەکتەر هەیە. هیچ شتێکیش لە هونەردا حەدیی نییە. هەموو شانۆگەرییەکانی برووك لە سەر فەزای بەتاڵ نمایش نەکراوە. من سیٚ شانۆگەریی برووکم دیوە هیچیان لە سەر فەزای بەتاڵ نمایش نەکراون. لە کۆتایی نەوەتەکاندا شانۆگەری ئەو پیاوەی کە.. م لە سەر شانۆی نەتەوەیی لەندەن لە دەرهێنانی پیتربرووك بینی. ئەگەر پێشتر نەمزانیبا شانۆنامەکە لە دەرهێنانی برووکە، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کاری ئەو بیٚ. چوونکە گەر پێوەری ئێمە بۆ برووك بۆ نموونە مەهابارٖاتاو خەونێکی نیوەشەوەی هاوین وکۆنفرانسی باڵندان بیٚ ئەوا ئەم نمایشانەی من بینیمن لە گەڵ ئەوانەدا گەلیٚ جودان.



دەرهێنەری
جیهانی
پیتەر بروک

نازانم لە کام کتێبی رووسی خوێندوومەتەوە کە ستانیسلاڤسکی دەڵێ هەر دە دەقیقە دەتوانی شەکسپیر بە هەست وئینفیعالی ناوەوە نمایش بکەی، دەنا ئەوی دی تەکنیکە. بیهێنە پێش چاوی خۆت ستانیسلاڤسکی ئەم قسەیە بکات. ئەمە زۆر لە قسەی مییرهولد یان بریخت دەچێ. ئەو رێبەرو خاوەن میتودانە خۆیان ئەوەندە حەدیی نین، ئەی ئێمە بۆچی ئەوەندە حەدیی بین. بە گشتی حەدییەت و پێداگرتن لەسەر شت، نیشانەی خراپ تێگەیشتنە لە شتەکان.

رەتکردنەوەی ستانیسلاڤسکی لە لایەن زۆربەی شانۆکارانەوە لە نەزانی وبێئاگاییەوە سەرچاوە دەگرێ،دەستکەوتە مەزنەکان و کەشفە گەورەکانی میتودی ستانیسلاڤسکی وەکو خەیال وزنجیرەی کرداری

فیزیۆلۆجی وهێڵی ئەرکەکان، ئەرك وئەركی سەرەكی وسوپەر ئەركی سەرەكی ودیدی رۆڵ ودیدی ئەکتەرو چۆنیەتی کارکردن لە گەڵ رۆڵدا، ئەگەر هاتبای سیحری، فەنتازیای ئەکتەر لە بارودوخی پێشنیازکراودا وپێوەندی بە کرداری سایکۆلۆجی وکرداری جەستەیی. ئەمجا یەکێ لە گرنگترین تەوەرەکانی کاری ئەکتەر ریتم وتێمپو ریتمە. ئەمانەن جەوهەری هونەری ئەکتەر، ئەگەر ئەکتەرەکانت وا فێر بکەی کە ئەمانە هیچ نین، ئەکتەرەکانت یان قوتابیەکانت هیچیان بۆ نامێنێتەوە.

میتودی ستانیسلاڤسکی زمانی هاوبەشن بۆ هەموو میتودەکانی دیکە. بەڵێ جیاوازی هەیە لە گەڵ میرهولد، لە گەڵ برێخت، لە گەڵ ئارتو و گرۆتۆڤسکی،. بەڵام چەمکی هاوبەشیش هەن. بەگشتی بۆ راهێنانی قوتابی تاکو ئێستا ستانیسلاڤسکی باڵادەستە. چوونکە فرە لایەنیەکەی خزمەتی کەسێ دەکات کە بەراستی بیەوێ ببێ بە ئەکتەر، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە خاوەن بەهرەش نەبێ. ئەم قسەیە شتێکی دیکەی بیر خستمەوە، کە کاتی خۆی پسپۆڕیکی رێبازی ستانیسلاڤسکی گووتوویەتی: ئەگەر ستانیسلاڤسکی ئەکتەرێکی بەهرەدار بایە سیستەمەکەی لە دایك نەدەبوو، بەو مانایەی کە ستانیسلاڤسکی بە پلەی یەکەم کاری لەسەر خۆی کردوە. من پێم وایە کار لەسەرخۆنەکردن گەورترین بەڵای ئەکتەرە. ئەمجا ئەوە دەمێنێتەوە ئەو بنچینانە لە چۆن پراکتیکدا بەرجەستە دەکرێن، چۆن میتودی ستانیسلاڤسکی تەرجەمەی واقیع دەکەی، چۆن فۆرمی راهێنان

ومەشقکردن دادەنێی، چوونکە لە میتودی ستانیسلاڤسکیدا مامۆستا دەتۆانی زۆر قسە بکا. ئەمەش ئەگەر مامۆستا نەتوانی بە پراکتیك قوتابیەکانی فێربکا کارساتێکی گەورەیە، گرنگ ئەوەیە مامۆستای نواندن بتوانی هێزی ئەو میتودە، هەر میتودێك بیً، بدۆزێتەوە، توانستی پراکتیکی ودینامیکیەتی بخاتە کار، دەنا پەك لە سەر قسەو و کتێبنووسین نەکەوتووە. ئەگەر مامۆستا بیەویٚ ئەکتەر هان بدا بە زاراوەکەی ستانیسلاڤسکی کار لە گەڵ خۆی یان کار لە سەر خۆی بکا، چاکتر وایە بەر لە هەموو شتێك سەرنجی رابکێشیٚ بۆ ئەو شتانەی کە زیان بە رۆح و زەین وجەستەی دەگەێنیٚ. ئەمەش بە پلەی یەکەم خواردنەوە وجگەرە وزۆرخوری و پشتگۆی خستنی وەرزش دەگرێتەوە. لەم دووشتەدا دەبینی ستانیسلاڤسکی ومییرهولد یەك دەگرنەوە. چوونکە گرنگترین شت بۆ ئەکتەر جیهازی عەسەبیەتی کە کاردانەوەی شتەکانی بۆ مسۆگەر دەکات.ستانیسلاڤسکی بایەخێکی چاك بە مەسەلەی لەش وماسولکە دەدات، کە بەداخەوە کەسانێکی زۆر لەوانەی کە حەز دەکەن لایەنی جەستەو وفیزیك لە شانۆ دا باڵادەست بیٚ، وا دەزانن ئەمە لەم سیستەمەدا پاش گویٚ خراوە، لەکاتێکدا کە ستانیسلاڤسکی کە باس ماسولکەو خاوبوونی لەش دەکا داوا لە ئەکتەر دەکا کار لەسەر لەشی خۆی بکا نەهێڵیٚ لەشی سکراپ بێت. چوونکە لەشی سکراپ کاردانەوەی یەکسەرو خێرای نابیٚ.

مییرهولد بۆ پاکڕاگرتنی ئەعسابی ئەکتەرەکانی، نەك هەر خواردنەوە بگرە ماوەیك تەنانەت چاو و قاوەشی لیٚ قەدەغە کردبوون.

لەم سێ سەردانەمدا بۆ کوردستان هەستم کرد شانۆکارانی کورد زۆر دەخۆنەوە، من بڕوا ناکەم لە هیچ وولاتێکدا لەو وولاتانەی کە لێی بووم دیاردەی وا هەبی، تەنانەت لە رووسیادا کە بە ناوبانگن بە ڤۆدکاخواردنەوە شانۆکارانیان بە قەد شانۆکارانی کوردستان ناخۆنەوە

***وەك کەسایەتیەك کەبەردەوام لابۆرد و ۆرك شۆپی تایەت لەسەر میتۆدی میرهولد بۆ فێرخوازانی شانۆ دەکەیتەوە، دەمانەوێ بزانین گرنگی ئەم لابورو ۆرك شۆپانە بۆ شانۆکارانە چین؟**

-بەگشتی ئێستا سیستمی خوێندن لە پەیمانگەی شانۆ و لە قوتابخانە و کۆلێژەکانی شانۆدا لەسەر سیستمی ۆرك شۆپ دەڕوات، تائێستا شارێبازی هونەری لەدنیای پەوەردە وراهێنانی ئەکتەردا، رێبازی ستانیسلاڤسکیە. ئەمە بەگشتی لە زۆربەی زۆری وولاتانی دنیادا ئاسیای لێدەرچێ وایە، بەڵام بۆ ئەوەی میتۆدەکانی تر فەرامۆش نەکرێن، ئەو قوتابخانانە زیاتر شێوازی ۆرك شۆپیان گرتۆتە بەر، ۆرك شۆپ لەسەر سیستەمی میرهولد، لە سەر شێوازی گرۆتۆڤسکی،،برێخت و بەم شێوەیە، گرنگی ئەم جۆرە ۆرك شۆپانە لەوەدایە کەزۆربەی زۆری قوتابخانەکان میتودی تایبەتی خۆیان هەیە، لە هەمان کاتدا قوتابیەکانیان لە سەر جۆرەها شیۆاز و میتودی دیکە راهدەهێنن. بەگشتی بەشی زۆری ئەم ۆرك شۆپانە بایەخ بە جەستەو وگوزارشتی فیزیکی دەدا.

بۆ مەسەلەی فیزیکی،جەستەو، جوڵەو ئەو بابەتانە بەگشتی دووبەشن. بە شێکیان ئەوەیە بۆ بەرزکردنەوەی توانای جەستەی ئەکتەرە وەکو ئەکرۆباتیك و جمناستیك و هەموو جۆرە یاریی و وەرزشێك که توانستی لەشی بەهێز کات، وانەیەکی تر هەیە پێی دەڵێن وانەی جوڵە، ئەوە پێویست دەکات بۆ ئەوەبێت کە ئەکتەر باش لەسەر شانۆ بجوڵێتەوە، واتە فێری جووڵەی شانۆیی بێ، بۆ ئەم لایەنە میتودی مییرهولد، ئەگەر نەشیکەی بە میتۆدێك لەبەرجەستەکردندا بەڵام تەنیالایەنی مەشقەکردن و ڕاهێنانەکەی و میتودەکانی بایومیکانیك وەربگریت، لەم بوارەدا گەلێك گرنگە بۆ قوتابیانی نواندن. لەم ڕووەوە بێگومان میتودی مییرهولد گەلێك ئەکتیڤ ترو چالاك ترە بۆ قوتابی ئەکتەری. ئێستا سیستەمی جیهانی لە بواری پەروەردەدا بەو جۆرە دەڕوات.



***ئەی ئێستا لە جیهان و بەتایبەت لەڕوسیادا کەتۆ زمانەکەیان دەزانیت و دکتۆراکەت لەویٚ خوێندوە، حەزدەکەین بزانین پێگەی مییرهولد لە ڕوسیادا و لە و مەڵبەندەی کە مییرهولد لێوەی ئینعکاسی کردووە بۆ دنیا ،پێگەی ئەو لە دنیای ئەمڕۆدا لە کوێدایە؟**

– ئێستا میتودی مییرهولد لە روسیادا لە پەرەسەندنێکی خێرادایە، تەنانەت ئەوەندە کتێب لەسەر مییرهولد دەردەچێت، فریا نەکەوتووم زۆربەی شتە تازەکان بە ووردی دیراسە بکەم. هەرچی جارێك دەڕۆم بۆ رووسیا سیٚ تاچوار کتێبی تازە دەرچووەو، هەموویشی لێکۆڵینەوەی ئاکادیمین و دیراسەکردنیان کاتێکی باشی دەویٚ، پێم وایە ئێستا ژمارەی ئەوکتێبانەی کە لە ڕوسیا لە سەر مییرهولد هەن ژمارەی ئەوکتێبانەی بەزاندبیٚ کەلەسەر ستانیسلاڤسکی نوسراوون، ئەمە ئەگەر ئێمە حیسابی ئەوەبکەین، کە کەلەپورو کوولتوری مییرهولد، لە چلەکانەوە تا حەفتاکان قەدەغەکرابوو، سەرەڕای ئەوەش هەر نمایشێك ودەرهێنانێکی مییرهولد ئێستاکە کتێبێکی دەربارە دەردەچیٚ.

بۆنموونە شانۆنامەی ( 33پژمین )کە، بریتیە لە سیٚ ڤۆدڤیلی چیخۆڤ، وەك زانراوە یەکیٚ نییە لە کارە هەرە گرنگەکانی مییرهولد، ئێستاکە کتێبێکی 300 لاپەڕەیی لەسەر دەرچووە. کتێبێکی زۆر سودبەخشە بەتایبەت لەباسکردنی شەرتیەت و ئەسلەبەدا، هەروەهاچۆنییەتی تێگەیشتنی مییرهولد سایکۆلۆجیا گەیشتووە. هەر

سالیٚ پار تویێژینەوەیەکی 600 لاپەڕەیی دەربارەی نمایشێکی دیکەی مییرهولد کەوتە بازاڕەوە. ئەمە من باسی زمانی ئینگلیزی ناکەم کە چەندین کتێبی ئەکادیمی نوێ دەربارەی مییرهولد لە بەریتانیا وئەمریکادا بڵاوکراوەتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە کتێبێکی نوێی رۆبیرت لیچە لە ژێر ناونیشانی ستانیسلاڤسکی ومییرهولد.. ئینجا بەشێکی تری ئەو پرسیارەی جەنابتان مییرهولد لەبواری پەروەردەدەدا دەگرێتەوە، ئێستا ئەکادیمیای شانۆ لە مۆسکۆ خولی سالآنەیان هەیە نەك تەنیا بۆ قوتابیەکانی خۆیان، بەڵکو بۆ ئەورووپییەکانیش، کەدێن لەویٚ ڕێبازی مییرهولد فێردەبن. ئەمە جگە لەوەی کە لە گەلیٚ کولیج و قوتابخانەی دراماو وسەنتەری شانۆییدا مەشق لە سەر میتودی بیومیکانیك دەکریٚ. سەنتەر مایم لە بەرلین یەکێکە لەو سەنتەرە شانۆییانەی کە بەردەوام مەشقی بیومیکانیك بۆ شانۆکاران ساز دەکات ولەگەلٚ پسپۆرانی ئەم بوارە لە مۆسکۆدا پێوەندییەکی پتەوەی هەیە. لەسەر ئاستی تیپە شانۆییەکانیشدا گەلیٚ تیپی شانۆیی لە ئەوروپا و روسیادا پەیدا بوون کە لە سەر رێبازی مییرهولد دەڕۆن.

ئینجا کۆمەڵێك لەهەرە چاکترین دەرهێنەرەکانی ڕوسیا لەسەر میتۆدی مییرهولد دەڕۆن، بەنموونە (پلوچك) کە دەرهێنەرێکی گەورەیە، هەروەها فوکین کەئێستا لەسەر میتۆدی مییرهولد پشکنەری گۆگۆلی دەرهێناوە، وهەوڵی داوە تاڕادەیەك لە پشکنەری مییرهولد نزیك بێتەوە، خۆشبەختانە من ئەم نمایشەم دوو جار بینی، بەراستی

شاکارە، ئێساش هەر پێشکەش دەکرێ و وا بوو ساڵی سێیەمی دەچێ و لەم رۆژانەدا کتێبێکی قەبەی لە سەر دەرچوو. پێم خۆش بوو کە ئەوشێوازەم ببینی و هەستم کرد کەمن بە بەشێوەیەکی تر مییرهولد نمایش دەکەم،ئەمەش بەڵگەی هێزی میتۆدەکەیە، کەمن یان پلوچك یان فوکین سەر بەیەك قۆتابخانەین و ئیشی کەسیشمان لەوی ترناچێت. دواتر ڕێژیسیۆری گەورەی رووسیا یوری لوبیمۆڤ وەربگرە، کە ئەمیش سەر بەقوتابخانەی مییرهولدە، واتا مییرهولد کاریگەری لە سەر ڕێژیسیۆرەکانی ڕووس گەلێك گەورەیە بێگومان لە سەر ریژیسۆرەکانی تری جیهانیش لە وانە هەر بۆ نموونە منوچکین و باربا.

***ئەمە وەکو مییرهولد بەلام تۆتێزی دکتۆراکەت لەسەر مییرهولدە ئێستا حەزدەکەین بزانین پرۆژەی تۆ لە ئیشکردنت لەگەڵ مییرهولد، گەیشتووە بەکوێ؟**

–وەکو ئێوەش دەزانن، من لە سێ بواردا کار لە سەر رێبازی مییرهولد دەکەم، لە سەر ئاستی ۆرك شۆپ و مەشق پێکردن، واتە وەکو ڕاهێنەر. لەم ئەم ئاستەدا لە بەریتانیا و سویدو مەغریب کار دەکەم وکۆمەڵێ ئەکتەر دوای ئەو مەشقانە لەسەر میتودی مییرهولد کار دەکەن. لە فینلەندا و ڕوسیاش کارم کردووە و لە ڕوسیاش لەڕێگەی منەوە شانۆکاران هەن کە

کاریان لەسەر میتودی مییرهولد کردووە. ئێستاش هاتوومەتەوە کوردستان بە هیوای ئەوەی لەداهاتوودا زیاتر کار لەسەر مییرهولد بکەم.

وەکو دەرهێنەریش کار لەسەر ئەو میتودە دەکەم، بەرهەمەکانم گەواهی ئەم قسەیەن. ئێستا لە ڕووسیادا تێزێکی نوێ لەسەر میێرهولد نووسراوە، ئەو تێزە دەربارەی کاری میێرهولدە لە بواری دەرهێنان و دراماتورگیدا.

**تەوەرەی سێیەمیش بێگومان کارکردنمە لەسەر میێرهولد وەکو لێکۆڵیار، ئێستا خەریکی کتێبێکم بەتەنیا لەسەر بایۆمیکانیك بەناوی هونەری ئەکتەر لەشانۆی میێرهولدا.**

ڕەشنووسی کتێبێکی تریشم هەیە کە باس لەپەرەسەندنی شانۆی میێرهولد بەر لە شۆرش دەکات، واتە سەردەمی ڕەمزیەت و ئەسلەبە و شەرتیەت.

***ئەمە لەبواری پراکتیکدا بەڵام لەبواری تیۆریدا سەبارەت بەئەدەبیاتی شانۆی کوردی ناڵێین شتی زۆر زۆری کردووە بەڵام هەنگاو هەیە دەزگاکان وردە وردە کتێبی شانۆیی چاپ دەکەن بەتایبەتی نوسین و وەرگێران تۆ تاچەند ئاگاداری ئەدەبیاتی شانۆی کوردیت، ئایا لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بێت یاخود لەڕێی هاوڕێیەتی یەوە کە کتێبتان بە دەست گەیشتبێ،یاهەوڵی نووسینی دەقی شانۆی کوردی هەیە تۆ تاچەند لەم هەوڵانە گەشبینی؟**

–بێگومان لەو هەوڵانە زۆر گەشبینم، من کەم تا زۆر ئاگاداری ئەو ڕەوتەم. بەڵام بەداخەوە ئەو نووسینانە زۆریان سەر پێین و وەرگێڕانەکان کەمیان باشن. لێرە بە زۆری لە عەرەبیەوە تەرجەمە دەکەن، عەرەبی زمانێکی گەلێ قورسە و تەرجەمەکردن لێیەوە ئاسان نییە. بۆ من گەلێ ئاسانترە لە سویدییەوە یان لە ئینگلیزییەوە

تەرجەمە بکەم، هەرچەندە عەرەبیەکەم خراپ نییە. چوونکە زمان لای عەرەب خۆی لە خۆیدا هونەرە. یانیش دەبێ بە عەرەبییەکی خراپ نووسرا بێ. لەم ماوەیەدا هەندێ بەرهەمی قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانم بینی کە دەقەکانیان لە عەرەبییەوە وەرگێڕدرابوون، وەرگێڕانەکان باش نەبوون. وەرگێڕانی شانۆنامە کارێکی زۆر ناسکە، نابێ هەموو کەسێ خۆی لێ بدا، وپاشان سووك وئاسان نمایش بکرێ. پێویستە نووسین و وەرگێڕان لە رووی نەوعیەتەوە پێش بخرێ.

***لەچاوپێکەوتنێکدا لەسەر گیروگرفتی شانۆی کوردی تۆ دەڵێیت تائێستا هیچ دەرهێنەرێکی کورد نییە لەسەر سیستمێکی شانۆیی کار بکات کەبەتەواوەتی لەو سیستمە گەیشتبێ، ئەمە لەڕووی کارکردن لەڕووی تیۆریشەوە ئێمە هیچ توێژەرێکمان نییە بەبۆچوونێکی ئەکادیمی تێڕوانینی هەبێت، تاچەند لەگەڵ ئەم بۆچوونانەتدا ماویت؟**

–ئەمە بۆچوونێکی سەرپێی نیە. ئەوەندەیە ئەم بۆچوونە نا بێت بەخراپ لێکبدرێتەوە، گەلێك دەرهێنەر هەن لەسەر میتۆد ناڕۆن و دەرهێنەری باشیشن، ئەوە مانایەکی خراپی نییە. بۆ نموونە یەکێك لەهەرە دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی سوید کەناوی پیتەر ئۆسکارسۆنە، من لەنزیکەوە بۆ ماوەی ساڵێك کارم لەگەڵدا کردووە، لەسەر میتۆد ناڕوات و لەسەر شتێك دەڕوات پێی دەڵێن (ئینتوسیۆن) واتە (حدس– زەین)، لەسەر حدسی خۆی دەڕوات. گەلێ ریژیسیۆری دیکە هەن هەر

بەم شێوەیە کار دەکەن. ئەگەر سیستەمی شانۆیی وەکو میتۆدێکی شمولی وەرگیرێ یارمەتیدەرێکی چاکە. وەکو ئەوەیە لە بیابانێکدا کومباسێکت پێ بێ، بەبێ ئەو کۆمباسە، رەنگە درەنگتر رێگاگە بدوزیتەوە، لەوانەشە هەر نەیدۆزیتەوە. بەڵام ئەگەر کۆمباسەکەت پێ بوو، هەڵە قبوولٚ ناکات و رێگای خۆت هەر دەدوزیتەوە. مەبەستم لەمیتۆد ئەوەیە رێڕەوێکت هەبێت لەسەری بڕۆیت، ئەو رێڕەو دۆزینەوەیەش بۆ خۆی ئاسان نییە، کارێکی زۆری دەوێ، ساڵانێکی زۆر لەتەمەنت دەگرێ. ئەگەر بتەوێ ئەو میتۆدە بەرفراوان و گشتلایەنانە بێ، دەبێت قولٚ بڕوانیتە هونەر، بەر لەهونەریش قولٚ بڕوانیتە خودی ژیان خۆی. لەم حاڵەتەدا میتود وەکو چرایەك وایە لەتاریکیدا رێگات بۆ رووناك دەکاتەوە، ئەگەریش خراپ بەکاری بێنیٚ، ئەوا دەبێت بەکەرەستەیەکی خراپ و کارەکەت لێ دەشێوێنێت.

میتۆد رێبازە بۆ رەفتارکردن لەگەڵ هەموو رەهەندەکانی نمایش، دەق، ئەکتەر، فەزا، بینەر. کە ئەم چوار رەهەندە هەموو لایانەکانی نمایش دەگرێتە خۆ. بۆ نموونە تیۆری دەرهێنان لای میێرهولد بە چوار پرسیار دەست پێدەکات: چی؟ کێ؟ لەکوێ؟ بۆ کێ؟. چی... دەق، کێ...ئەکتەر، لە کوێ... سینیۆگراف، بۆ کێ... بینەر، ئەمانە بنەماکانی میتودی میێرهولدن. باش دەزانم لای برووکیش هەرهەمان چوار پرسیارن.

من دەزانم هەندێ لە ریژیسیۆرانمان بەم بۆچوونە نیگەران بوون، یەکێ لە ریژیسیۆرەکانمان لە بەر ئەوەی ئەویش وەکو من لە

ئەکادیمیای بەغدا خوێندوویەتی، هەر لە بەر ئەوە پێی وایە، خاوەنی میتودی ستانیسلاڤسکییە. منیش بە قەناعەتەوە دەڵێم کە ئەکادیمیای بەغدا میتودی لای کەس نەخەملاندووە، تاوەکو پاشان لە سەری بڕوات، کەمن خۆم یەکێکم لە قوتابی قۆناخە باشەکانی ئەو کۆلیجە. یان کەسێکی دی، کە رەخنەی لەم قسەیە هەبوو دەیگووت ئەی ئەوە نییە ریژیسیۆرمان هەیە خاوەن میتودی خۆیەتی لە فۆلکلۆر و هونەری میللی، یان دەڵێت ئەی ئەوە نییە فلانە ریژیسیۆرمان خاوەنی میتودی خویەتی لە واقعیەتدا، تا ئەو رادەیەی کەری راستەقینەی هێنایە سەر شانۆ، کێ پێش کورد داهێنانی ئاوای کردووە؟ رووسەکان کە باوکی واقیعیەتن؟ نەخێر رووسەکان ئاوا لە واقیعیەت تێناگەن، ئەگینا بروا ناکەم لە رووسیا یەك لە سەر کەر کەوتبێ.

ئەگەر بڵێم شانۆ لە کوردستاندا نییە، کە ئەم قسەیە زۆر دووبارە دەبێتەوە، هیچ ریژیسیۆرێکی کورد بەمە نیگەران نابێ، کە ئەمە راستیەکی دڵتەزێنەترە لەوەی کە بڵێین کە ریژسیۆران میتودیان نییە. ریژیسیۆرەکانمان دەبێ بەمە نیگەران بن نەك بە وەی کە میتودیان نییە، چوونکە گەر شانۆ نەبێ بە کورتی واتە ریژیسیۆریش نییە، جا ئیتر گرنگ نییە، خاوەن میتود بن یان نەبن.

وەکو گووتم گەلێ ریژیسیۆری بە توانا هەن لە سەر میتود کارناکەن، بەڵام لێرەدا یەك جیاوازی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوانەی ئەورووپا ئەوەند ئاستی حیرەفیەتیان بە هیزە میتودی

شەخسیی خۆیان  لە لا گەلاڵە بووە، بەچی؟ بەکارکردنی بەردەوام...
وەکو گۆران لە دەروێش عەبدولادا  دەڵێ بە زەبری کۆششی زاڵت.
لەهەموو بارێکدا دەرهێنەر دەبێ پیشەکار (محترف) بێ، حیرەفیەتیش واتە کارکردن لە گەل کەسانی موحتەریفدا، وەکو سینیۆگراف، پسپوڕی رووناکی،پسپۆڕی موسیقا و پسپوری جل وبەرگ، فەرموو. ئەم پیشانە لە کوردستاندا هەن؟ ئەی ئیتر شانۆی محترف لە کوێیەوە سەرهەڵبد؟ تکایە کەس پێم نەڵێ، من وەکو برووك لە فەزای بەتاڵ کار دەکەم. تەنانەت لە و حاڵەتەشدا هەر ئەم کەسانە ئەو فەزایە چێ دەکەن. ئەی دراماتورگ؟ لە کوردستاندا تاکو ئێستا یەك دراماتورگ نییە، کار لەگەڵ دەق بکا.دەرهێنەری کورد بە بێ دراماتورگ بێباك کار لە سەر دەقی شەکسبیری لە عەرەبییەوە وەرگێردراو دەکا. بێ ئەوەی بەراووردێکی دەقەکەی لە گەڵ ئەسڵکەی بکا. بەڵام بە ووشەی بێ میتودی نیگەران دەبێ.

هەر دەرهێنەرێکی ئەوروپایی لە بواری مامەڵەکردن لە گەڵ دەقدا میتودی تایبەتی خۆی هەیە، یەکێ لە میتودی کارکردنی ریژیسیۆری ئەوروپایی کارکردنە لەسەر دەق وخۆئامادەکردنە بۆ کاری پراکتیك، کارکردنە لە گەڵ سینیۆگراف، داراماتورگ، لەگەڵ پسپۆری رووناکی، لە گەڵ پسپۆری مۆسیقا، لە گەڵ پسپۆری جل وبەرگ، لە راستیدا ئەمانەن کە کروکی نمایش پێك دێنن وبینای شانۆگەریەکە دروست دەکەن. بۆ مامەڵکردن لە گەڵ ئەمانە خۆ دەبێ میتودێکت هەبێ، جا با ئەو میتودە تەواو شەخسی بێ. گرنگ ئەوەیە رێڕەوێك یان بەرنامەی

کارت بە سیستێمێکدا بڕوات، ئەمە مەرجی سەرەکی کاری ریژیسیۆرییە. جارێك لە برووکیان پرسی چۆنە دەڵێیت ئەو شانۆنامەیە بە دوو هەفتە دەردەهێنم، لەوەڵامدا دەڵێ: من دوو ساڵە کار لەسەر ئەم دەقە دەکەم وخۆم تەواو ئامادە کردووە و ئەمجا بە دوو هەفتە تەواوی دەکەم.



له ئەورووپادا که کۆنتراکت له گەڵ ریژیسیۆرێك بۆ دەرهێنانی شانۆنامەیەك ئیمزا دەکەن، ئەو ریژیسیۆره چەند مانگێ بەر لەوەی دەست بەکار بێ، دەبێ بەووردی وبه چڕی کار لەسەر ئەو شانۆنامەیه بکات. ئەمەش میتودی کاردکردنه، بەڵام که دەڵێن میتود، شانۆکارانمان یەکسەر بیریان بۆ ستانیسلاڤسکی یان مییرهولد یان بریخت...دەڕوات. بێگومان پێویست ناکات سەد له سەد دوای یەکێ له رێبەرانی شانۆ بکەویت، بەڵام گرنگیشه ئاگارداری رێباز و میتودو داهێنانەکانیان بی. برووك سەبارەت به رێبەرانی شانۆ دەڵێ، سەد مەده بەکەسیان بەڵام سیفریشان مەدەرێ.

پێم وایه شانۆکار پێویسته به جورئەتەوه گرفتەکان دەستنیشان بکا، موجامەله ودڵی یەك راگرتن خزمەتی حەقیقەت ناکات. پاش هەموو نمایشێك لەکوردستاندا تێبینی ئەوه دەکەم که ریژیسیۆرەکان هەموو ستایشی یەك دەکەن وکەس جورئەتی رەخنەگرتنی له کاری یەکدی نییه. گۆڤاری الفنون ی کویتی پرسیارێکی ئاڕاستەی چەند شانۆکارێکی عەرەب کرد: ما هی ازمه المسرح العربی؟ یەکێ لەوانەی که ئەم پرسیارەی ئاڕاسته کرابوو، ممدوح عدوان بوو که له وەڵامدا دەڵێ: لیست هنالك ازمه مسرح عربی، لانه لیس هناك مسرح عربی.

که من چەند ساڵێ بەر له قسەکەی ممدوح عدوان دەربارەی شانۆی عەرەبی ئەم قسەیەم له کۆڕێکدا کرد، سەیر لەوەدا بوو، یەك دوو شانۆکاری کوردی ئەورووپا زۆر پێی نیگەران بوون.

هەندێ پێیان وایە پەنابردنە بەر میتود دەبێتە هۆی یەك ڕەهەندی یان لاساییکردنەوەی دامەزرێنەری میتودەکە .

داهێنەرانی سەر بە یەك میتود، کارەکانیان لەیەك ناچن، چونکە چەند بتەوێ، ناتوانیت لاسایی داهێنەری میتودەکە بکەیتەوە. هەرگیز ناتوانی لاسایی مییرهولد بکەیتەوە، چونکە مییرهولد لاسایی ناکرێتەوە، یەکێکە لە بلیمەتەکانی مێژوو، وەکو باخ ...وەکو چاپلن...وەکو پیکاسۆ... ئەمانەش دووبارە نابنەوە، ئەمانە لاسایی ناکرێنەوە، لاساییان بکەیتەوە هەموو کارەکەت لێ تێکدەچێت و هونەرەکەیشت دەدۆڕێنیت. مۆسیقازانێك گووتەوویەی کاتێ باخ پیانۆی دەژەنی، بە چوار دەست دەیژەنی، دوانەکەی دیکە دەستی خودا بوون. مییرهولدیش بەهەرەیەکە لەو جۆرە. بۆیە برووك پێی دەڵێ شەکسپیری دەرهێنان. مییرهولد لاسایی ناکرێتەوە، بەڵام دەتوانی یاسا بنەڕەتیەکانی ڕێبازەکەی بەکاربهێنی و لێیان تێبگەیت و دواتر خۆت داهێنانی خۆت و خەیاڵ و فەنتازیای خۆت بەکاربهێنیت. هەر بۆیەش ئەو کەڵە دەرهێنەرانەی کەلەسەر ڕێبازی ستانیسلاڤسکی دەڕۆن، ڕێگای تایبەتی خۆیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو توخمانەی کەلەبەرهەمێکدا بەکاری دەهێنن و دەزانن کارەکەیان بە پێی میتودی ستانیسلاڤسکی، لە کوێوە دەستپێدەکات و بە کوێ دەگات، بابڵێین لە بیرۆکەی یەکەمەوە تا دەگاتە نمایش. سترێهلەر کە نزیکە لە میتودی بریختەوە، لە دەرهێنانی یەکێ لە شانۆنامەکانی بریختدا، بریختی بانگێشت کرد بۆ ئیتالیا، بریخت دەڵێ سترێهلەر لە من چاکتر برێخت بەرجەستە دەکات.

له میرهولدیان پرسی چۆنه تۆ کلاسیك دەردەهێنیت‌و گۆگۆڵ دەخەیتە سەر شانۆ و چیخۆف و شانۆی ڕەمزی نمایش دەکەیت، ئەم هەموو تەوژمە جیاجیایە پێشکەش دەکەیت، هەموویشیان باش دەکەونەوەو کارکردنیشتان زۆر درێژە ناکیشێ، میرهولد گووتی: ئاخر ئێمە میتودێکی فرەلایەنی تایبەتیمان هەیە هەموو شتێك قبوڵ دەکات، هەموو جۆرەکانی ئەدەبی شانۆیی قبوول دەکات، بەپێی ئەو میتودە دەتوانین بەرهەمی جوان پێشکەش بکەین،.

میتود لەڕاستیدا گرەنتی تیادایە، بەڵام کارکردن بە (حدس‌و زەین) مسۆگەر نییە.

***ئەی سەبارەت بەئێستای شانۆی سویدی هاوچەرخ وەکو دەزانین تۆ یەکێك لەکتێبەکانت لەسەر شانۆی سویدیە، ئێمە حەز دەکەین بزانین ئێستا لەم قۆناغەدا شانۆی سویدی گەیشتووە بەچی‌و ئەو دەرهێنەرە بەتواناو ناودارانە کێن ئێستا لەسوید کاردەکەن‌و تۆ بەکامیان زیاتر سەرسامیت؟**

-دەربارەی ئێستای شانۆی سویدی، وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر قسە هەڵدەگرێ، چونکە شانۆی سویدی وەکو هەر شانۆیەکی ئەوروپایی، لەهەیکەلیەتی خۆیدا گەلێك لایەنی هەیە، دەبێت پرسیارەکەمان بکەینە چەند پرسیارێك. یەکی لەو پرسیارانە، شانۆی ڕەسمی سویدی گەیشتۆتە کوێ؟ شانۆی ڕەسمی سویدی بۆ نموونە وەکو هەموو شانۆیەکی ڕەسمی وایە لەجیهاندا، شانۆی شاهانەی سویدی کە شانۆی نەتەوەییە لووتکەی شانۆی ڕەسمییە،

ڕێپۆرتوارەکەی‌و شێوەی پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی، لەشانۆی نەتەوەیی لەندەن دەچێت، هەروەها لەشانۆی (مۆسکۆ) دەچێت، لەبەرهەمەکانی کۆمیدیای فرانسیسی پاریس دەچێت، ئەمانە لەستروکتورو لەبونیادو هەیکەلیەتدا هەموویان لەیەك دەچن. لە ڕێپێرتوارەکەیدا کلاسیك دەبێ هەمیشە هەبێ، ئەمجا مۆدیرن، لە گەڵ شانۆنامەی سویدی، ستریندبێرگ جێگایەکی تایبەت داگیر دەکات لە ناو ڕێپێرتواردا، ئەمجا نۆیترین شانۆنامەکانی ئەوروپاو ئەمریکا، لەگەڵ شانۆنامەی سویدی تازەنووسراو. سەرەڕای ڕێپێرتوارێك بۆ منداڵان کە بە شێوەیەکی گشتی بە روژ و لە رۆژانی پشوودا پێشکەش دەکرێ. ئەمە نموونەیەکی شانۆی رەسمییە. کە وەکو گووتم لە زۆربەی وولاتاندا لە یەك دەچن.

ئەمجا شانۆی سەربەست یان شانۆ ئازاد، واتە تیپ و گروپەکانی شانۆ، کە لەبەریتانیا پێی دەڵێن (فرینج )، شانۆی بچووك. پێم وایە ئەم جۆرە شانۆیە لە سویددا، بە بەراوورد لە گەڵ هەشتاکاندا و بە بەراوورد لە گەڵ بۆ نموونە لەندەندا لەبرەوو گەشەدا نیە. ئێستا ئاستی شانۆی سەربەست یاخود تیپەکان دابەزیوە.

بەڵام شانۆی پەروەردەیی بەڕاستی لەپێشکەوتندایە، بەتایبەتی شانۆی منداڵ کە لەڕووی پەروەردەییەوە شانۆیەکی پێشکەوتووە.

دیسانەوە لەسوید چوار ئەکادیمیای شانۆ هەیە. میتۆدی ریالیزمی سایکۆلۆژیی لەو ئەکادیمیانەدا باڵادەستە. بەکورتی شانۆی سویدی وەکو هەرشانۆیەکی ئەروپایی شانۆی رەسمی وگروپە

سەربەستەکان وشانۆی شارەوانی و شانۆی منداڵان و شانۆی گەڕۆك وهتد...هەیە.

بەڵام سەبارەت بەوەی کە بەکام ڕێژیسیۆری سویدی سەرسامم. بەهیچ ریژیسۆرێکی سویدی سەرسام نیم، هەندێ کارم پێ جوانە، رەنگە هەر ڕێژیسیۆرەو کارێك یان دوانی هەبێت کەمن حەزم لێ کردبن. بەڵام سەرجەمی کارەکانی ریژیسیۆرێکی سویدی، وەك چۆن حەزم لەمییرهولد یان پیتەر بروك یان لیڤ دودنە لە رووسیادا، کاری تێنەکردوم. لە رووسیاو بەریتانیادا ریژیسیور هەن کەبە سەرجەمی کارەکانیان سەرسامم، بەڵام لە سوید، دەتوانم بڵێم چەند بەرهەمێك هەن کە پایەی تایبەتیان لام هەیە ولە بیر ناکرێن. لەوانە چەند کارێکی بێرگمان. بە تایبەتی مارکیز دی سادی نووسەری جاپانی یوکیو میشیما، داستانێکی زستانەی شەکسپیر وشازادە ئیڤونی گومبرڤیچ وژنە باخۆسیەکانی یۆرپیدس، لە سوید هەرگیز لە مارکیز دی سادم جوانتر نەدیووە. بەڵام وەنەبێ هەموو کارەکانی بێرگمان لەو ئاستەدا بن، بۆ نموونە دژمنی بەشەری مولێیریم بینی، دژمنت نەیبینێ، تاکو ئێستا مولێیری ئاوا خراپم نەدیووە. ئەو بەرهەمە مەسرەفێکی زۆری لەسەر کرا، بە تایبەتی لە جل وبەرگدا کە مۆزەخانەیەك بوو بۆ خۆی،بە نیازی پێشکەشکردنی لە فێستیڤالی بێرگماندا لە نیویورك، هەموو شتێ بۆ سەفەر ئامادەکرا، دەبایە پاش چەند رۆژێك دیکۆر وکەرەستەکانی شانۆگەرییەکە بە پاپۆڕ رەوانە بکرێن، بێرگمان بۆ ئەوەی لە ئاستی نمایشەکە دڵنیا بێ بەر لە سەفەر دوا نمایشی بینی،

ئەمجا بڕیاری دا کە چیدی بەرهەمەکە نمایش نەکرێ. سەفەرەکە هەڵوەشێنرایەوە. ئەم بڕیارەی بێرگمان ناڕەزاییکی گەورەی دروست کرد. لە راگەیاندندا بێرگمان بوێرانە ئاست خراپی کارەکەی خۆی راگەیاند، ئەمەش لایەنێکی گرنگی شەخسیەتی بێرگمانە، کە راستگۆییە، پێش هەموو شتێك بەرامبەر بە خۆی.

بەنیسبەت ریژیسیۆرەکانی دیکەوە، ئەگەر ناوی دوسێ کاری بهێنم، رەنگە ناوەکانیان شتێکی ئەوتو بۆ خوێنەر وشانۆکار لە کوردستاندا نەگەیەنێت. زۆرجار سویدیەکان هەمان پرسیارم لێدەکەن ودەڵێم ریژیسیۆرێکی سویدی نابینم وەکو پرۆفیل حەزی لێ بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو ئیشەم بەدڵەو ئەو ئیشەم بەدڵ نییە.

***باست لەوەزیفەو گرنگی گروپی شانۆیی کرد لەپرۆسیسی شانۆییدا، ئایا گروپی شانۆیی تاچەند دەتوانێ ئەم پرۆسێسە بەرەو پێشەوە بەرێتو ئەزموونی گروپ چۆن هەڵدەسەنگێنیتو هۆی چییە گروپی شانۆیی کوردی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت؟**

-هۆکارەکەی بەڕای من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کوردستاندا دیراسەیەکی جدی باری شانۆ نەکراوە و تیپەکان بێ بەرنامە کاردەکەن. مەبەستم لێرەدا بەرنامەی هونەریی نییە. مەبەستم پلانی وەرزی شانۆییە کە رەنگە بە درێژایی وەرزێکی شانۆیی دوو سێ بەرهەمێك هەبێ. بە رای من پێویستە بارودۆخی گروپ و تیپەکان لەو بەرنامەیەدا گەلێ بە جدی وەربگیرێ، چوونکە لە کوردستاندا شانۆی رەسمی نییە، لەبە ئەوە دەبێ بایەخێکی تەواو بە تیپەکان بدرێ،

تاوەکو بتوانن ڕێگا بۆ شانۆی ئاینده و بۆ شانۆی ڕەسمی خۆشکەن. تیپەکان گرنگن وهەمیشه گرنگ بوون. چوونکه کورد به غەیری تیپەکان شانۆی دیکەی نەبووە. بەڵام بەرنامەی پشتگیریکردن له تیپەکان دەبێ له سەر پێوەری هونەری وحیرەفیەت و بەردەوامبوون بێت. سنورێك دابنرێت له نیوان کاری پیشەیی وکاری ئارەزوومەندانه. شانۆکاران وگروپه ئارەزوومەندەکانیش کۆمەك بکرێن بەڵام جودا کرێنەوەو ئەوانیش سانديکای خۆیان هەبێ. له سوید سانديکای شانۆی ئارەزوومەندان گەلێ به هیزه ئەندامانی زۆرەو وپەل وپۆی به هەموو لایەکدا هاویشتووە. پێوەرەکانی کۆمەك یارمەتیدان دەبێ له سەر بناخەی نەوعیەتی کار بێ و برەوی ئەو کارەش له ناو خەڵکد.

بۆ ئەم مەبەستەش بەڕای من شانۆکاران پێویسته کۆمیتەیەك دابنێن و به یەك بەرنامه بچنه پێشی دەسەڵاتی سیاسی، له کێشەی شانۆ تێانبگەێنن. که دەبێ پلان وبەرنامه و بودجەی ساڵانه بۆشانۆ دابنرێ. ئەوەی سیاسەت مەدار به هونەرمەند یان تیپەکانی شانۆی ڕەوا دەبینی له قاڵبی بەخشیش وديارى وهاندان وفێستیڤاڵ دەرچێ، بکرێ بەمافێکی ڕەوای شانۆکار.شانۆکاری پیشەکار هەرگیز نابێ به بەلاش کار بکا، ئەگەر شتی وا ڕوودا سانديکا دەبێ بکەوێته کارو ڕێگا نەدات مافی شانۆکار بخورێت، له ئەوروپادا ئەگەر شانۆکارێك بێ مووچه یان بێ پاداشتی مادی کاربکا سانديکا لێی قبوولْ ناکات، هەوەها ئەو شانۆیەش تووش دەبێ. له هەشتاکاندا ویستم له شانۆیکدا بێ پاداشت کار بکەم، من ئەو دەم ئەزموونەکەم مەبەست

بوو. لە شانۆکە پێیان گووتم، بە هیچ جۆرێ ناتوانین کاری وا بکەین، گەر ساندیکا بزانێ سزامان دەدا.



دیمەنێك لەشانۆیی تەرتوف.. ڕیژی د. فازڵ

***ئاماژەت بەشانۆی شاهانەو شانۆی سویدی یان شانۆی فەرەنسی کرد، ئایا تاچەند پێت وایە وەك کەسێکی پرۆفیشناڵ و ئەکادیمی هەستی نەتەوەیی یان هەستی میللی لەناو بنەمای شانۆییدا هەیە، یاخود ئێمە ناو لەشانۆ بنێین، لەوڕووەوە کەئەمە شانۆی کوردیە، ئەمە شانۆی عەرەبییە، ئەمە شانۆی روسییەو.. هتد، تاچەند ئەم دەستەواژانە راست دەکەوێتەوە؟**

–من تاکو ئێستا ئەم ووشانەم لە شانۆی ئەوروپاییدا نەبیستووە. هەستی نەتەوەیی یان هەستی میللی، فەرموو تەماشای فەرهەنگەکانی شانۆ بکەن، بۆ نموونە فەرهەنگی شانۆیی ئۆکسفۆرد یان فەرهەنگی شانۆیی کەیمبردج، ئەم ووشە قەبانەی تێدا نییە. هەستی نەتەوەیی لای شەکسبیر، مۆلێر، ئۆسترۆڤسکی، ئیبسن، ستریندبیرگ، چیخۆڤ، میللەر، بێکێت،بریخت ئەبێ چی بێ؟ هیچ کام لەمانە کەمیللەتەکانیان شانازییان پێوە دەکات، باسی نەتەوە وهەستی نەتەوەییان نەکردوە. ئەمانە ئێستا موڵکی هەموو جیهانن، چیخۆڤ لە دەرەوەی رووسیا پتر نمایش دەکرێ، نووسەرێك دەڵێ کاریگەریی چیخۆڤ لە سەر ئەدەبی فرەنسی لە زۆلا گەورەترە. هەستی نەتەوەیی لە سیستەمی ستانیسلاڤسکی یان میرهولد یان گرۆتۆڤسکی یان برووك لە چیدا دەبینرێ . شتی وا تەنیا لای عەرەب هەیە و کوردیش لەوانەوەی وەرگرتووە. عەرەب لە حەفتاکانەوە دەستیان بە قسەکردن کرد دەربارەی بە عەرەبکردنی شانۆ، و دۆزینەوەی شناسنامەی نەتەوەیی بۆ شانۆ، ئەودەم بنەمایەکی پتەوتریان دامەزرانبوو بە تایبەتی لە

عیراق و میسردا وئەمجا سوری، ئەم قسە بۆشانە  بوو بە مایای زیان بۆیان.کە دەچین بۆشانۆ، بۆچی دەبێ هەستی نەتەوەییمان لا بووروژێ؟ کەی ئەمە جەوهەرو پەیامی شانۆییە؟ یان کەی ئەمە ئەرك و وەزیفەی شانۆ بووە.

کە دەڵێن شانۆ نەتەویی لە لەندەن یان لە پاریس یان لە هەر پایتەختێکی ئەوروپیدا، مەبەست ئەو نییە کە ئەو شانۆیە پێوەندی بە بیری نەتەوەییەوە هەیە. ئەگەر وابێ دەبێ شانۆی نەتەوەیی وەکۆ مۆزەخانەیەکی ئەتنۆگرافیا وابی.

کەباس لەشانۆی نەتەوەیی دەکرێ  بەو مانایەی کە هەموو میللەتێك یان زۆربەی زۆری میللەتانی دنیا، بەتایبەت لەئەوروپادا شانۆیەکیان هەیە کەپرۆفیلی میللەتەکەی خۆیانەو پێی دەڵێن (شانۆی نەتەوەیی). لە لەندەن پێی دەڵێن ناشنال تیاتر، لەسوید پێی دەڵێن شانۆی شاهانە (دراماتن) و لە پاریس پێی دەڵێن کومیدی فرانسیز. بەڵام بۆ نموونە لە ئەمریکادا تاکو ئێستا شانۆی نەتەوەیی نییە. ئەمە وەکو رواڵەتێکی نەتەوەکەیەو، دەوڵەت دەیبات بەڕێوە، دەوڵەت بەرپرسە لەدابینکردنی پێداویستییەکانیو بەر لە هەموو شتێکیش رێپیۆرتواری ئەو جۆرە شانۆییە نەتەوەییانە گەلێك گرنگن،.

کە شانۆی نەتەوەیی لە لەندەن دامەزرا ئامانجەکانی خۆی لەم خاڵانەدا دەستنیشان کرد:

1- دەبێ شەکسپیر لە ناو دڵی رێپێرتواردا بێ، وبەردەوام نمایش بکرێ.

2- نمایشکردنی ئەدەبی کلاسیک.

3- کارکردن لە پێناوی زیندووکردنەوەی ئەو شانۆنامانەی کە نەوعیەتیان چاکەو ودەبیٚ لە لەبیرچوونەوە رزگارکرێن.

4- بەرهەمهێنانی شانۆنامەی چاك وکارکردن لە پێناوی گەشەپێکردنی ئەدەبی شانۆیی مۆدێرن.

5-کارکردن لە پێناوی پێشخستنی توانای ئەکتەر بەوەی کە تا دەکریٚ دەرفەتی بدرێتیٚ رۆڵی جیاجیا نمایش بکا.

***ئەی لەشانۆی کوردیدا کەزۆرجار ناوی (ئەحمەد سالار) دێت بەنموونە پاڵەوانێکی وەك نالی یان پیرەمێردو مامەیارە کەهاتوونەتە ناو ئیشکردنی ئەحمەد سالارەوە. تۆ تاچەند هەست دەکەیت ئەمانە دەچنە نێوخانەی شانۆی کوردیەوە یاتاچەند دەچێتە ئەو هەستە میللیەی کەتۆ باست کرد؟**

-من باسی هەستی میللی ناکەم، بەڵام بێگومان ئەو شانۆنامانە هەموویان دەچنە نێو شانۆی کوردییەوە، هەموو بەرهەمێکی شانۆیی کە بەکوردی پێشکەش دەکریٚ دەچێتە ناو چوارچێوەی شانۆی کوردییەوە، بەحوکمی ئەوەی کە بەزمانی کوردی پێشکەش دەکرێن، بەڵام نەك بەو حوکمەی کە باسی بابەتێکی کوردی دەکا یان پاڵەوانەکەی نالی یان پیرەمێرد یان مامەیارەیە. ئەمجا بە حوکمی ئەوەی شانۆنووسێکی کورد نووسیوویەتی، دەقەکە دەچێتە ناو چوار چێوەی دەقی خۆماڵییەوە. وەکو گووتم لە بەر ئەوە نا چوونکە بابەتەکە میللیەیە یان فۆلکلۆرە. دەشیٚ ئەحمەد سالار یان هەر کەسێکی دیکە شانۆنامەیەك بنووسی باس لە ئۆدیپوس یان باس لە

خەڵکێکی غەیرە کورد بکا، گرنگ ئەوەیە ئەو درامایە بەکوردی نووسراوە، لەبەر ئەوە بەدەقێکی خۆماڵی لە قەڵەم دەدرێ. بەشێکی زۆری پاڵەوانانی شانۆنامەکانی شەکسپیر ئینگلیز نین و رووداوەکان لە وولاتێکی دیکەدا روو دەدەن. کەسانی ناو هیچ کام لە شانۆنامەکانی وەکو ئۆتێللۆ و یولیوس سیزەر و تیتوس ئەندرینیکۆس ئینگلیز نین و رووداوەکانیش لە ئینگڵستان روونادەن. باشە دەکرێ بڵێین ئەم شانۆنامانەی شەکسپیر ئینگلیزی نین وبە ئەدەبی ئینگلیزی ناژمێردرێن؟ بەلاّم مەسەلەی ئەوەی ئەم دەقە کوردییانە تاچی رادەیەك لە رووی داهێنانەوە ئەدەبی شانۆیی سەرکەوتوون و لە ئەدەبی میللەت و نەتەوەدا وەکو بەرهەمەکانی شەکسپیر ومۆلییر وئیبسن وستریندبێرگ بە نەمری دەمێننەوە، ئەگەر ئێمە خۆمان ئێستا بە پێوەرەکانی نووسینی شانوگەری و مەرجەکانی، کە ئاشکرایە کامانەن، هەڵیانەسەنگێنین دەتوانین ئاستی هونەری ئەو بەرهەمانە هەڵسەنگێنین دەنا زەمان هەر دەریدەخات.

بەگشتی دەقی خۆماڵی ئێمەو عەرەب زۆر لەیەك دەچن، بناخەکەیان فۆلکلۆر وداستان وحیکایەتن. لەڕووی داهێنان و تەکنیکەوە لاوازن، ئەمەش بۆ زۆر لایەنی سەنعەتی دەگەڕێتەوە کەنووسەرانی ئێمە وعەرەبیش شارەزاییان لەبواری تەکنیکی نووسینی درامادا کەمە. پاشان عەرەبەکانیش وا تێگەیشتبوون کە ئەگەر سیمبولەکانی میژوویان لە سەر شانۆدا زیندوو بکەنەوە، ئەوا بێ سێ ودوو شناسنامەیەکی نەتەوەیی دەخەنە بەر باخەڵیان، بەم تێگەیشتنە

هەڵەیە تەنانەت هەوڵی جدی چەند نووسەرێکی بە توانای خۆیان وەکو توفیق ئەلحەکیم زیندە بە چاڵ کرد، بێ ئەوەی لەوە بگەن کە لە شانۆدا گرنگ نییە شانۆنامەکە لەسەر کێ و دەربارەی چی دەنووسرێ، گرنگ ئەوەیە چۆنی دەنووسی وئەو بابەتەی کە هەڵیدەبژێرێ چەند درامای تێیدایە. هونەری شانۆنامەنووسین داهێنانێکی سەختە وسەنعەتکاری دەوێ.

***کەواتە دەگەڕێتەوە بۆ تەکنیکەکە، بەنموونە باسی ریچارد دەکەیت یان هاملێت یان ماکبیس لەلای شکسپیر، ئەمانە هەموویان رەهەندی مێژوویان هەیە، بەڵام لای ئێمەش مامەیارەو پیرەمێرد رەهەندێکی مێژوویان هەیە، بەڵام ئەوەی کەوەزیفەی قوڵیو مقاوەمەکەی پێ دەبەخشێت تەکنیکی نووسینەکەیە، واتا ئەو تەکنیکەیە کەپێی دەنووسرێت؟**

—بێگومان داهێنان لەوەدایە کە چۆن ئەو بابەتە دادەڕێژێت،و دەیکەیت بە شانۆنامە.لێرەشدا بەشێکی گرنگی هەر دەکەوێتەوە سەر ناوەڕۆکی دراما لە بابەتەکەدا. واتە بابەتەکە خۆی تا چ رادەیەك دراماییە. من پێم وانییە لەم رووەوە واتە لە رووی دراماوە بەراووردکردنی ریچاردی سێیەم لە گەڵ پیرەمیرد رەوا بێ. خۆ ئەگەر نووسەرێك وای نەبینێ وەك من دەیبینم، گرنگ ئەوەیە بتوانێ ئەم بەرهامەنە لە قاڵبی هەستی میللی وفولکلۆر رزگار بکا وبەکارامەیی خۆی بیانکات بە ئەدەبێکی درامی سەکەوتوو، بە مانای گوزارشتکردن لە روحی سەردەم و فرەلایەنی و شمولیەتی دید و بەرفراوانی لە تەرح، سەرەرای ئیسلوبی نووسەر، ئەگەر ئەم لایانەنانە لە هەر شانۆنامەیکی خۆماڵیدا هەبێ، ئەوە دەچێتە ریزی ئەدەبی نەمرەوە.

ئیتر بابەتەکەت  مێژوویی بێت یان کۆمەڵایەتی بێت، لە فۆلکلۆرەوە وەرگیرا بێت، گرنگ نییە، گرنگ کەرەستە درامییەکەیەتی و توانای نووسەر لە وەی چۆن  شانۆنامەیەکی سەرکەوتووی لێ دەخوڵقێنێ. تا چ رادەیەك نووسەر دەتوانی مەرجەکانی شانۆنامەی سەرکەوتوو لە بابەتەکەیدا بچەسپێنی، ئەوە دەکەوێتە سەر توانای داهێنانی خۆی. مەرجەکانی شانۆنامەی سەرکەوتووش دیارە چین و لێرەدا پێویست بە باسکردنیان ناکات. تەنیا ئەوە سیفەتی مانەوەی دەداتێ.واتە بەهرەو سەنعەت.



دیمەنێك لەشانۆیی تەرتوف.. د. فازڵ

لای ئێمە تەکنیکی نووسینی دراما شتێکە تاڕادەیەك وونە. فەرموون تەماشای دراما تەلڤزیونەکانمان بکەن، لەوێدا کارەساتی بێ سەنعەتی و نەزانینی تەکنیك چاکتر دیارە. زۆر سەیرە سیناریوی زنجیرەیەکی دوور ودرێژ یەکێ بینووسی کە هەر لە بەشی یەکەمەوە ئاشکرا پیشانی دەدا کە نازانێ سیناریو بنووسێ. لە ئەورووپادا ئەم تەکنیکە دەخوێنرێ. زۆربەی زۆری شانۆکارانی ئەورووپا و ئەمریکا کۆرسی تەکنیکی شانۆنامەنووسین وەردەگرن. ئەوە باسی سینەماو تەلڤزیون ناکەم. شانۆنامەنووسین لە هەندێ لە زانکۆکاندا وەکو هەر بابەتێك، چوار ساڵی تەواوی بۆ تەرخانکراوە. لە هەندێ ئەکادیمیای شانۆدا وەکو مالمۆ لە سوید دوو ساڵ. نووسەرانی بە تواناو بە ناوبانگ لەو کۆرسانەدا دەرس دەڵێنەوە. شانۆنووسی بەناوبانگی رووسیا ئەلکسی ئۆربوزۆڤ یەکێ بوو لەوانەی کە کە رووسیادا دەرسی درامانووسینی دەگووتەوە.

***ئەی پێت وانییە کەشانۆ پێوەندی هەیە بەکۆمەڵگەی مەدەنیو پێشکەوتنی شارستانی و تائێستا رۆژهەڵات نەگەیشتووە بەو پێشکەوتنە مەدەنیو شارستانیەتە نەگەیشتووە بۆیە حاڵی شانۆ وایە؟**

–بێگومان ئەم بۆچوونە راستە. بەڵام ئەی بۆ دەست بە بنیاتنانی کۆمەڵەی مەدەنی نەکرێ. ئەی بەرنامە؟ ئەی پلان؟ هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی بەوە دەست پێ دەکات کە سەر لە نوێ کار لەسەر بونیاتنانی ئینسان بکەی. لەمەدا شانۆکار دەتوانی رۆڵێکی گەورەی هەبێ.

پیم سەیرە کە زۆر جاران شانۆکاران خەون بە قۆناخی حەفتاکان وهەشتاکانەوە دەبینن و بە سەردەمێکی زێڕینی شانۆی کوردی دادەنێن. کە دەبوایە تەواو بە پێچەوانەوە بووایە. گەلێ ستەمە سەردەمی زێڕینی شانۆ کەوتبێتە سەردەمی فاشیزم ودیکتاتۆریەتی سەدامەوە، بەڵام لە نەوەتەکانەوە کورد فاشیزم حوکمی ناکات وشانۆکاران لە جاران باشتر کۆمەك دەکرێن، ئەگەر نەلێم کە لە حەفتاکاندا بە هیچ جۆری کۆمەك بۆ شانۆ نەبوو، بە غەیری سانسۆر و بانگکردن بۆ ئەمن، کەچی دوای 15 ساڵ لە ئازادی، هەر ئەو سەردمە بە زێڕین دادەنرێ. ئەمە وەك ئەوە وایە سەردمی زێڕینی شانۆی فرەنسی کەوتبێتە سەردەمی داگیرکردنی فرەنسا لە لایەن نازیستەکانەوە.

***ئەو شانۆگەریانەی کەتۆ لەدەرەوە بەزمانی بیانی پێشکەشیان دەکەیت، ئەم کارە تاچەند دەچێتە نێوخانەو چوارچێوەی شانۆی کوردییەوە؟**

–من ناتوانم بڵێم ئەوکارانە دەچنە نێو شانۆی کوردییەوە. بەڵام لەڕووی ئەوەی کە کوردێك پێشکەشی دەکات، رەنگە ئەمە کاریگەرێتی هەبێت، لەڕێی کارەکانمەوە خەڵکێکی زۆر ئاگاداری هەندێك لەئەزموونی شانۆی ئەوروپی بوون، بۆنموونە تۆ سەیری ئەو فیلمە بکە کەپیشانماندا، شانۆیی (هەزارو یەك شەوە) هیچ نەبێت تائێستا (400) کەس بینیویانە، ئەم (400) کەسە لەڕێگەی ئیشێکی سادەی منەوە گەیشتنە ئەوەی بزانن شانۆی ئەوروپایی چۆنە، تەکنیکی مییرهولد چۆنەو من چۆن کاردەکەم. ئەمە لە سلێمانی پاشان لە

هەولێریش خەڵکێك بینیان. بە گشتی لە ئەوروپاش ژمارەیەك کورد دێن بۆ دیتنی ئەو بەرهەمانە، تەنیا لە بەر ئەوەی ریژیسیۆرەکەی کوردە.



دیمەندێك لەشانۆگەری یاریکردن بەئاگر


*پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە شانۆ تاچەند پەیوەندی بەکۆمەڵگەی مەدەنیو پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام لەو ئیشەی کەبینیمان (هەزارو یەك شەوە) بەتەرکیزەوە سەیری حاڵەتێکمان کرد کەتەکنەلۆژیا شان بەشانی داهێنان لەم ئیشەی تۆدا یارمەتیدەرت بووە، بۆنموونە دیکۆرێکی قەبەو پانتاییەکی گەورە، جلوبەرگ، هەمووی شانبەشانی یەك ئیشی کردووە، بەڵام لەئیشکردنی ئێستاماندا رەنگە کەبۆ ئێمە وا نەڕەخسابێت؟

ئەو تەکنیکەی لە هەزار ویەك شەوەدا، وەکو سینیۆگرافیا ودیکۆر و ڕووناکی هەیە، لە شانۆی ئەورپاییدا کارێکی زۆر ئاساییە، دابینکردنی ئەو تەکنیکە زەحمەت نییە. گرنك ئەوەیە پسپۆری ئەو بوارانە چۆن دابین دەکەی. وەکو گووتم لە کوردستاندا کەسم نەدیووە سینیۆگرافێکی یان ڕووناکی سازێکی پسپۆڕبێ. هەندێ لەوانەی کە هەزارو یەك شەوەیان بینی، دەیان گووت بەراستی جوان کارت لە سەر ڕووناکی کردوە، یان جوان کارت لەسەر دیکور کردوە. پێم گووتن من کارم لە سەر ڕووناکی یان دیکۆر نەکردوە، ڕاستە ئەو پسپۆڕە ئەوە دەکا کە من دمەوێ، بەڵام ئەوەی دەیبینن تەکنیك ولێزانی خۆیەتی. من بەهەموویەوە دوو جار لە گەڵ پسپۆڕی ڕووناکی دانیشتووم، هەر جارەی یەك کاژمێر. ئەوان بە حوکمی ئەوەی پسپۆڕن یەکسەر لە دەرهێنەر تێدەگەن چوونکە ئەوانیش لە بواری خۆیاندا داهێنەرن. کەس ناتوانی سنووری ئەوی دی ببزێنێ، چوونکە ئەو داهێنانەی ئەویش دەبێ ببنیرێ و دەرکەوێ. لە ڕەخنەیشدا هەروەکو ڕیژیسیۆر و ئەکتەران ئەگەر کارەکەیان باش بێ ستایش دەکرێن، ئەگەر کارەکەیشیان لەنگ بێ ڕەخنەی توندیان لێدەگیرێ. زۆر جاریش کێشەی گەورە دەکەوێتە نێوان ڕیژیسیۆر و سینیۆگراف یان پسپۆڕی جل وبەرگەوە.

حەز دەکەم لێرەدا ڕووداوێك باس بکەم کە ڕەنگە ئەم مەبەستە باشتر ڕوون بکاتەوە. وەکو پێشتر باسم کرد، لە شانۆیێکدا کارم دەکر کە دەرهێنەری بە ناوبانگی سوید، پیتەر ئۆسکارسۆن بەڕیوەبەریەتی.

پیتەر شانۆنامەیەکی مۆلییری ( قوتابخانەی ژن ومیردایەتی) دەردەهێنا، کارەکە لە قۆناخی کۆتاییدا بوو. وا بزانم هەفتەیەك کەمتر مابوو بۆ پیشاندان. پیتەر بە یەکێ لە ئەکتەرەکانی، کە پانتۆڵێکی رەشی لە بەردابوو، گووت: حەز دەکەم بڕۆی بۆ عەماری جل وبەرگ لەوێ ئەو پانتۆڵە بە پانتۆڵێکی سپی بگۆڕیتەوە. ئەکتەرەکەیش یەکسەر بە قسەی کردو پرۆڤە بەردەوام بوو. پاش ماوەیەك پسپۆڕی جل وبەرگ، کارین فالْکنیس، کە خانمێکی سویدیە، بە سپایی هاتە ناو هۆڵەکەوە و لە تەنیشت منەوە دانیشت. لەناو ئەو هەموو ئەکتەرانەی سەر شانۆکەدا، سەرنجی یەکسەر بۆ ئەو ئەکتەرە رۆیشت . بە چرپەوە پێی گووتم کێ ئەو پانتۆڵەی گۆڕیوە؟ گووتم : پیتەر. ئەمجا بێ ئەوەی گوێ بە پرۆڤە بدا یان چاوەڕێی کاتی پشوو بکا، یەکسەر هاواری کرد: پیتەر کێ ئەو پانتۆڵەی گۆڕی؟ پیتەر گووتی من گۆڕیم. کارین گووتی: کێ مافی ئەوەی پێ دای دەستکاری کاری من بکەی؟ ئەمجا پیتەر تەواو شێتگیر بوو و لەسەر یەك دەیگووتەوە: باشە ئەی من دەرهێنەر نیم؟ باشە بۆم نییە شتێکی دیکە تاقی بکەمەوە؟ کارینیش گووتی: بەڵێ، بەڵام پێش ئەوەی دەستکاری کاری من بکەی، دەبێ پرسم پێ بکەی و لەسەر ئەو شتە رێکبکەوین. من پاش رێکەوتنم لەگەڵ سینیۆگرافدا ئەم رەنگانەم هەڵبژاردوە، جلەکان بە پێی سینیۆگرافیا ودیکورەکان دەست نیشان کراون. ئێستا دەبێ جلی بەرامبەرەکەیشی بگۆرم. یانیش دەبێ بگەرێیەوە سەر پانتۆڵە رەشەکە.

بیگومان دەرهێنەر بۆی هەیە هەموو شتێکی نۆی تاقی بکاتەوە، بەڵام کە لە گەڵ خەلکی موحتەریف کاردەکا، دەبێ ڕێز لە داهێنانیان بگرێ، ئەوەش بزانێ کە ئەوان، هەر کەسەو لە بواری خۆیدا، لەو پسپۆڕ ترن، وەك چۆن ئەو لە پیشەی ریژیسیۆریدا لەوان پسپۆڕترە. وەك چۆن پیتەر دەیەوێت لە ڕێگای ئەکتەرەکان ومیزانسین....وهتد، دیدی خۆی وەکو دەرهێنەر بەرجەستە بکا، کارینیش دەیەوی دیدی خۆی و بۆچوونی بۆ فیکرەی شانۆنامەکە بە جل وبەرگ وجیاوازی ستیل و ڕەنگەکان، بە هاوئاهەنگی لە گەڵ سەرجەمی سینیۆگرافیاو ڕووناکی بەرجەستە بکات.



دیمەندێك لەشانۆیی هەزارویەك شەوە

***پەیوەندی نێوان شانۆو کولتور لە چیدا دەبینیت، بەتایبەتی کەشانۆ هونەرێکە بە ئاراستەی زۆرێك لە چەمکە ژیاریەکان کاردەکات؟**

–ئەگەر بە دیدێکی سوسیۆلۆجیانەوە تەماشای شانۆ بکەی،ئەوا بە شێکە لە کولتوور. لایەنەکانی کولتور گەر لە گەشەکردندابن بێگومان شانۆش لەگەشەکردندا دەبێت، ئەگەر لقەکانی تری کولتور لە سستی و لاوازیدا بن، شانۆش هەمان لاوازی و سستی بەردەکەوێت . ئەمە هەروابوە، کە دەڵێن کولتوری گریکی یەکسەر زەینمان بۆ شانۆی گریکی ئەچێت، کەدەڵێن کولتوری ژاپۆنی یان هیندی یەکسەر زەینمان بۆشانۆی ژاپۆنی یان هیندی دەچێت، بەڵام ئە گەر لە دیدی باوەر بە سۆسیۆلجیاوە سەیری شانۆ نەکەین، ئەوا مەسەلە بە جۆرێکی دیکە دەکەوێتەوە، بە تایبەت لای داهێنەرانی وەکو بێکێت و یونسکۆ کە هەر تەواو دژ بەم دیدەن.

***کەواتە تۆ پێت وایە شانۆ کەم تا زۆر پەیوەندی بە کەلتووری میللی و نەتەوایەتی ئەو گەلەوە هەیە کە مومارەسەی دەکات، بۆ نموونە کە تۆ باس لە کەلتووری گریکی و شانۆی گریکیت کرد، پێت وایە پۆلینکردنی شانۆ لە سەرئاستی نەتەوەو میللەت حاڵەتێکی تەندروستە کەبڵێن ئەمە سیمای شانۆی گریکی یان فەرەنسی یان ڕوسی یان کوردیە ؟**

–من باس لە سەرجەمی کولتوور دەکەم، مانای کولتوور بەلامەوە واتە رەوتی ژیاری میللەتێك، یانی شارستانییەت، نەك هونەری میللی و فۆلکلۆر. ئەمە دوو شتی گەلێ جودان. خەڵکی وا هەیە کە حەزارتێ نییە، بەڵام لە بواری هونەری میللی وفولکلۆردا دەوڵەمەندە، قەرجەکان

باشترین نموونەن. کە دەلێین شانۆی ئەنتیك لە ناو دڵی کولتوری گرێکییەوە لە دایك بووە ونەش ونمای کردوە، واتە لە ناو شارستانییەتی پێشکەوتووی گرییکەوە، لە فیکر وفەلسەفەو ئایینەوە هاتۆتە ئەنجام. بۆچوونی فەلسەفی ئادەمیی گریکی بەرامبەر بە کۆمەڵگا، بەرامبەر سیستەمی سیاسی( دیموکراتیەت)، ئەمجا بۆچوونەکانیان بەرامبەر بە گەردوون وهێزەکانی میتافیزیك، وەك فیکرەی قەزاو قەدەر و کەسارسیزم( پاکژبووکردنەوەی ناخ)، ئەمانە بڕبڕەی مەسەلەی بوونی مرۆڤ لە گەردوون و جیهاندا بەرجەستە دەکا. هەرچی هونەری میللی وفولکلۆرە، ئەوە هەمیشە وەکو پێشتریش ئاماژەم پیێ کرد، سیمایەکی کۆنی میللی ئەو میللەتەیە و پێوەندی بە شارستانیەتەوە نییە، بگرە پێوەندی بە سەرەتاکانی ژیانی لادێییوە هەیە. شانۆ بە فۆلکلۆر دروست نابیێ، چوونکە فۆرمە میللیەکان فۆرمی سادەن لە دواکەوتووترین قۆناخی کۆمەڵگادا، واتە لە لادیێ و لە قۆناخی بیدائیەتدا هاتوونەتە گۆڕیێ. بۆ نموونە گەر هۆرەی جاف یان حەیران یان لاوك لەگەڵێ بەرهەمی بیدائیەتی گەلیێ کۆمەڵگای دواکەوتووبۆ نموونە هیندییە سوورەکان لە ئەمریکا وماوریەکانی ئوسترالیا و قەرەجاکان لە هەر شوێنك بن بەراوود بکەین،تێدەگەین کە ئەم فۆرمانە زۆر کۆنن و لە یەك دەچن. ئەم میللەتانە گەلیێ هونەری میللی هاوبەشیان هەیە کە تەواو لە یەك دەچن. حەیرانبێژێکی هیندی وحەیران بێژێکی دەشتی هەولێر تەنیا ووشەکانیان جودان، دەنا شێوە رەسەنە دوا کەوتووەکەی هەر تەواو لە یەك دەچن. گەر لە سەر شانۆ

هۆرەیەك یان قەتارێکی بگووترێ، شانۆ بەوە نابێ بە شانۆیەکی رەسەن.

هەروەها کە دەڵێین سیما یان فۆرم یان تایبەتمەندێتی شانۆی فرەنسی یان ڕوسی، ئەو بنەما وشێوازە هونەریانەو بەرهەمە ئەدەبیە شانۆییە دەگرێتەوە کە لە شانۆی فەڕەنسی یان روسیدا هەن، ئەم بنەمایانە شتی میللی نین،یان فولکلۆر نین. ڕاستە هەموو ئەمانە پێیوەندیان بە ئاین و جۆری عیبادەت کردن وبە پێوەندی نێوان مرۆڤ خواوەندوەوە هەبووە، واتە بە بنەما فیکریەکانی کۆمەڵگاوە هەبووە، بەڵام ئەمانەی کە باسم لێ کردن هونەری میللی یان فۆلکلۆر نین، چوونکە ئەمانە لە جەوهەردا شمولیەتی فیکری ئینسان پیشان دەدا. ئەم کێشە جەوهەرییانەی ئادەمییزاد. چوونکە فۆلکلۆر هەر چەند بیهێنی و بیبەی وبیکوتی، لە کۆتاییدا هەر فۆلکلۆری لێ دەردەچێ و هیچ ڕەهەندێکی فیکری یان فەلسەفی یان هونەی قووڵ ناگرێتە خۆ.

***ئەی سەبارەت بەفرە کولتوری پێکەوە باسمان لە شانۆو کولتوور کرد بەڵام ئێستا دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمەکانی (پیتەر برووك)بکەین، کەبە ئاڕاستەیەکی فرە کولتوری کاردەکات بەتایبەتی لەسەر ئاستی ڕەگەزو زمانی ئەکتەر تاچەند ئەم هەوڵانەی بڕۆك لەشانۆی هاوچەرخدا پێگەی بەهێزی هەیە ؟**

—ئەمڕۆ لە ئەوروپادا زۆر کار لە سەر شانۆی فرە کولتور دەکرێت، دیارە ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە کە راستەوخۆ پێوەستە بەژیانی کۆمەڵایەتی ئەوروپاوە، کە هەنگاوی گەورەی بەرەو کۆمەڵگای فرە کولتوری ناوە. لە بەر ئەو تێکەڵبونەی کە ئێستا لە ئەوروپادا

هەیە، کە ژمارەی پەناهەندە لە چەندەها ملێۆنی تێپەڕاندووە. ئەمە ئاماژەی ئەوەمان دەداتیَ کە ئەوروپا لە داهاتودا چاوەڕوانی گەلیَ گۆڕانی گەورەیە،، بە تایبەتی لە بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا و کەنەدادا، رەنگی داوەتەوە. ئەمە ئاماژەی ئەوەمان دەداتیَ لە ئەوروپای ئایندەدا تاککولتوری ئەم دەسەلاَتەی ئێستای نامێنیَ و فرەکولتووری دەبێت بە سیماو خاسێتی داهاتوی کۆمەڵگەی ئەوروپایی .

بەلاَم فرەکولتووری لە شانۆدا ناوەڕۆکێکی لەوە گەورەتری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە شانۆکارانی وەکو پیتەر برووك و باربا و ئاریان مونچکین و کەسانی دیکەش لەفرەکولتووریدا، بۆ زمانێکی هاوبەشی نمایش دەگەڕێن، مەبەستیان ئەوەیە کە شانۆ خۆی لەخۆیدا یەك شێواز نەگرێتە بەر، ونەبادا ئەو شێوازە ببێتە یەکەم و دوا فۆرمی شانۆ. واتە ئەوان بۆ شێوازی جیاجیای نواندن و شێوازی جیاوازی نمایش لای میللەتانی دونیا دەگەڕێن. فرەکولتووری و پاشان ئەنترۆپۆلۆجیا لەم مەیدانەدا گرنگی خۆیان هەیە، هەرچەندە ئەم دوو چەمکە لە یەکەوە نزیکن و زۆر جار لە هەندیَ کەس دەئالۆزێن تێکەڵ دەبن، بەلاَم دوو چەمکی جیاوازن. ئەگەر بە کورتی باس لە ئەنترۆپۆلجیای کۆمەلاَیەتی بکەین، دەڵێین زانستی توێژینەوەی هەڵسوکەوتی کۆمەلاَیەتی ئادەمیی ئێستاو وبە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لە چوارچێوەی فۆرم و ستروکتوری کۆمەلاَیەتی وکولتووریدا.واتە لە جەوهەردا ئەنترۆپۆلۆجیا دیراسکردنێکی بەراووردکارانەی مرۆڤە وەکو بوونەوەرێکی کۆمەلاَیەتی وکولتووری .

بەڵام ئەنترۆپۆلۆژیا لە شانۆدا، وەکو باربا دەستنیشانی دەکات: دیراسەکردنی ئەدگاری کۆمەڵایەتی و کولتووری وفیزیکی ئادەمییە لە نمایشدا. واتە دیراسەکردنی بنەماکانی هونەری نمایشکار( ئەکتەر وسەماکەر) لای میللەتان. بێگومان کولتووری ئەو میللەتانە دەگرێتەوە کە لە بواری نمایشدا رێچکەی تایبەتی خۆیای هەیە. کابوکی ونەوی جاپانی، ئۆپێرای پەکین و قوتابخانەی چینچو لای چینیەکان، دانسی کەتاکالی لای هیندییەکان. ئەمە لە رۆژهەلات. ئەمجا لە رۆژئاوا، دەگەرێتەوە بۆ ئەنتیك وشانۆی رۆمانی و ئیلیزابیسی وشانۆی ئیسپانی کۆن، کۆمیدیا دیل ئارتێی ئیتالیا وفەرەنسا، هەموو هونەرەکانی هونەری نواندن وسەما لە هەموو ئەوروپادا بە کۆن ونوێوە، وەکو ستانیسلاڤسکی، مییرهولد، ئارتۆ، گرۆتۆڤسکی، فاختانگۆڤ، وجاك لیکۆك و ئتین دوراکس وداریو فۆ و زۆری دیکەشن، هەموو دەکەونە ناو خانەی ئەو ئەنترۆپۆلۆجیاوە کە باربا باسی لێوە دەکات. گەلێ گرنگە لەوە تێبگەین کە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ پێوەندی بە داب ونەریتی کۆمەڵایەتییەوە نییە، باربا کار لەسەر هونەری نمایش لای میللەتان دەکا، نەك لە سەر هونەی میللی وفۆلکلۆری ئەو میللەتانە. لەو بەرهامەنەی باربادا، کەمن بینیوومن، ئەم فۆرم وشێوازە جیاوازانە دەبینیران. بەڵام بیرمان نەچێ کە بۆ کاری ئاوا پێویست بە کۆمەڵێ شارەزاو پسپۆڕ دەکا، کە ئەمەم لای کەسی دیکە نەبینیووە. باربا فەرهەنگێکی داناوە کە ناوی( نهێنی هونەری نمایشکار)ە تێیدا ئەوەی لە ئەنترۆپۆلۆجیای شانۆدا پێووستە باسی کردوە. هەروەها

ناوی هەموو ئەو شارەزاو پسپۆڕانەی لەو بوارەنەی کەباسمان کرد، کەژمارەیان چەند سەدێکن هێناوە. باربا تۆڕیکی گەورەی پێوەندی بە شانۆکارانی جیهانەوە هەیە. رەخنەیەك لە باربا دەگیرێ،ئەوەیە کە ئەنترۆپۆلۆجیاکەی بایەخ تەنیا بە کولتووری فیزیکی میللەتان دەدات. باربا خۆیشی لە کۆتایی نەوەتەکانەوە، کەمتر باس لە دیاردەی کولتووری و کۆمەڵایەتی دەکات.

هەر لە هەشتاکانەوە ئاگاداری کار ونووسینەکانی باربام. بەتایبەت کە باربا میرهولدناسە. هەر لە کۆتایی شەستەکانەوە باربا گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی (ت.ت.ت) واتە تیاتر، تیۆری، تەکنیك، تێیدا چەند ووتارێکی دەربارەی میرهولد بڵاوکردەوە، من بۆ تێزەکەم بەم ووتارانەدا چوومەوە. شارەزایشم دەربارەی نووسینەکانی خراپ نییە. بە تایبەت بەرهەمە سەرەکییەکانی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەمن هەر لە هەشتاکانەوە بەرهەمە سەرەکییەکانی باربام لە دەرهێناندا دیووە. پێنج بەرهەمم لە بەرهەمە گەورەکانی باربا لە سوید ودانیمارك دیووە، کە هەر پێنجیان لە یەك دەچوون. ئەمەش رەخنەیەکی باوە کە هەمیشە ئاڕاستەی باربا دەکرێ. ئەگەر تەماشای کتێبی: بەرەو شانۆی سێیەم، یوجین بارباو شانۆی ئۆدین، بکەن کە لە نووسینی توێژەوەر ئیان ماتسونە( کتێبەکە بەئینگلیزی نووسراوە)،ئەویش هەمان رەخنەی گرتووە. وای بۆ دەچم نووسینەکانی باربا لە کارەکانی سەر شانۆی گرنگتر بن، لە نووسینەکانیدا، هەرچەندە بەشی زۆری کۆکرنەوەن، ئەمەش لە لایەکەوە نابێ سەیر بێ، چوونکە ئەو باسی ئەنترۆپۆلۆجیا

دەکا. لە دارشتنی بیروبۆچوونکانیدا دیدێکی گەلێ روونی هەیە. رەنگە لە هەردوو نمایش ونووسینەکانی بۆ نمایشکاران وەکو ئەکتەران وسەماکەران، میتودی مەشقکردنی بارباو ئەکتەرەکانی بێ. کە لەوەیشدا سوودی لە بیومیکانیك وەرگرتووە. مەشقەکانی باربا لە سەرکاسێتی ڤیدیو بڵاوکراونەتەوە. چەمکی ئەنترۆپۆلۆژیای لە شانۆدا چاك دەستنیشانکردوە. گرنگترین کتێبی باربا لە بواری ئەنترۆپۆلجیادا کە بەدوو قۆڵی لە گەڵ نیکۆلا ساڤارێسە، وەکو باسم کرد، فەرهەنگیکی هەمە لایەنە لە ژێر ناوی هونەری نهێنی نمایشکار. لەو فەرهەنگەدا باربا هەموو شێواز و داب ونەریت و رێباز و میتودی نمایش لە نواندن ولە دنسدا، لە رۆژهەڵات ورۆژئاوا کۆی کرۆتەوە.چی چەمکی شانۆیی هەیە، کە پێوەندی بە نواندن ودانسەوە هەیە، ئەوەی کە پێی دەووتری پێرفۆرمانس، بە کوردیەکی ئاسان، مانای نمایش دەگەیێنێ.

لەم دواییەدا ئاگادارم کە چەمکی ئەنترۆپۆلۆجیاش هەندێ جار لە نووسینی کوردیدا بە هەڵە باس دەکرێ، ئەمەش هەر بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە ئەوانەی باسی دەکەن وەکو فولکلۆر لێیتێگەیشتوون. وا دەزانن کە ئەگەر نمایشێکت بە دەفێك و لەسەر فەرشێك ئەنجام دا، ئەمە ئەنترۆپۆلۆجیایە. هەر بۆ نموونە لە دیمانەیەکی رۆژنامەگەریدا شانۆ کارێکی کورد باسی لەوە دەکرد، کە چۆن پاش هەموو نمایشێك لە گەڵ بینەراندا دادەنیشن و پێکەوە ساوەر دەخۆن، پاشانیش هەموو بەشیر دەست دەشۆن.

پیتەر برووك یش کار لە گەڵ ئەکتەرانی سەر بە کولتوری جیاواز و وولاتانی جیاواز دەکات، بەڵام شانۆی برووك شانۆی ئەنترۆپۆلۆجیا نییە و ئەزموونی ئەکتەرەکانی بە شێوەیەکی دی ئاڕاستە دەکات، کە بە لای منەوە گەلێ لەوەی باربا ئۆرگانیك تر و تیلقائی تر وتیاترال ترە،نمایشەکانی باربا بەگشتی وەکو پێشانگایەکی هونەری نمایشی میللەتانی لێدێ. برووك بەمانای تەواوی ووشەی ریژیسیۆر ریژیسیۆرە و کەڵە ریژیسیۆریشە، لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی دی کارەکانی جیاوازن، بەڵام باربا هەروەکو توێژەوەری بەریتانی ئیان واتسونی نووسەر کتێبی بەرەو شانۆی سێیەم دەڵێ، رەخنەیەك کە ئاراستەی باربا دەکرێ ئەوەیە کە هەر ئەوەندە یەك بەرهەمیت بینی ئیدی وەکو ئەوە وایە هەموو بەرهەمەکانی دیکەیت بیینیبێ.

من لێرەدا هەلوێستە لەسەر دوو ئەزمونی پیتەر برۆك دەکەم یەکەمیان کۆنفراسی باڵندەکان ودووەمیان مەهاباراتایە، کە ئەم دوو ئەزمونە سەرتاپا لەسەر فرە کولتووری ییە. جگە لە چەمکی فەزای بەتاڵ کە لەم بەرهەمانەدا گەیشتوونەتە لووتکە. فرە کولتووری بە مانای جیاوازیی لە هونەری نمایشدا.بەمانای بەگەڕخستنی وزەو دینامیکەیەتی کەسانی جیاواز. بەمانای داهێنانی فۆرمی هەمە رەنگ، نەك چەق بەستوو.

***ئەو ئەزمونانەی پیتەربرۆك کەباست کرد هەندێ جار و هەندێ ئەزمونیان گەڕۆك بوە بۆناوچە دورە دەستەکان ئەتوانین بزانین ئێستا شانۆی گەڕۆك لە ئەوروپا گەیشتوە بە چ ئاستێك ؟**



دیمەنێك لەشانۆیی سەموم

–شانۆی گەڕۆك کە مێژوویەکی گەلێ کۆنی هەیە لە ئەوروپادا، وەك هەر دابەشکردنێکی ئاسایی، بەگشتی ٧ دوو جۆرە، شێوەیەکیان شانۆی دەوڵەتیە،، شانۆی گەڕۆکی دەوڵەتی دەزگایەکی زۆر دەوڵەمەندە و خاوەن ئیمکانیاتە، لە سوید شانۆیەك هەیە بەناوی ریکس تیاتر( واتە شانۆی نیشتیمانی). ئەم شانۆییە دەوڵەمەندترین شانۆی گەڕۆکی سویدییە و بارەگایەکی گەورەی هەیە، لە

ناوبارەگاکەیاندا دەیان شانۆو هۆڵی گەورەی تێدایە، ساڵی فێستیڤاڵێك ڕێکدەخەن. ئەم شانۆیە ڕێپێرتواریَ گەورە ئامادە دەکات، نەك بۆ ستۆکهۆڵم بەڵکو بۆ شار و شارۆچکەکانی سەرانسەری وولات. شانۆی ریکس لە گەلَ کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی شانۆ لە سەرانسەری سویددا تۆڕیکی پێوەندی بەربلاوی هەیە. لە هەموو شارێکێدا ڕێکخراو یان نێوەندیان هەیە، کە یارمەتیان دەدات. بەرهەمەکانیان بە (فۆرم و ستیل)ێك ئامادە دەکەن کە لە هەمووهۆڵێکی شانۆیدا پێشکەش بکریَ. هەندیَ جار لەقوتابخانەکان یان لە هۆڵی کتێبخانە گشتییەکان، هەندیَ جار لە سەر شانۆی دامەزراودا، واتە ئەم شانۆییە دەتوانێت بەرهەمەکانی خۆی لە هەمووشوێن و کاتێکدا پێشکەش بکات .

ئەم شانۆیە شتی سەرپێی و ئیرتجال پێشکەش ناکات، بەڵکو کار لە سەر ئەدەبی جدی شانۆ دەکات، لەوانەی من بینیومن، خەونی نیوە شەوێکی هاوینی شکسپیر، جوغزی گەچینی قەوقازیی برێخت،شانۆنامەکانی نووسەری سودیدی لارس نورێن، کە خۆی بەڕیوەبەری ئەم شانۆییە.

بەرهەمیان هەیە بۆمنالان و بۆ مێردمنالان. هەروەها لە ناو ئەم شانۆیەدا شانۆی بێدەنگ هەیە، نەك بە مانای پانتۆمایم، بەرهەم بۆ ئەو کەسانە پێشکەش دەکات کە توانای بیستنیان نییە.

لە ستۆکهۆڵم هەروەها شانۆی پارك هەیە کە شانۆیەکی ڕەسمییە و هاوینان گەلیَ چالاکە. شانۆی پارك بەرهەمەکانی لە پارکە گەوەرکانی

ستۆکهۆڵمدا بۆ جەماوەرێکی بەرین پێشکەش دەکات. بەرهەمەکانیان جۆراوجۆرن، بەشێکی زۆریان موزیکال وکاری سیرك و نمایشی لێبووکن.

جۆری دووەمی شانۆی گەڕۆك، تیپە گەڕۆکە ئازادەکانە، کە زیاتر لەسەر شەقام و لە ناو گۆڕەپانەکانداو لە شوێنە گشتیەکاندا نمایش دەکەن، ئەمانەش لەئەوروپا گەلێ زۆرن، لەوەرزی خۆیاندا زۆر چالاکن، جگە لە وەرزی بەفروباران کەئەوان هەلی کارکردنیان کەمدەبێتەوە.....

جۆری کارکردنیشیان ئەچێتە ژێر ڕکێفی ئەو ستیلەی کەکاری پێ دەکەن، واتە ڕەفتارکردنیان لەڕوی داڕشتنی بەرهەمەکانیان چ لەبواری نواندن بێت چ لەبواری سینیۆگرافیابێت، چ لەبواری پێوەندی لەگەڵ بینەردا بێت. بەگشتی لە شانۆی سایکۆلۆژی دوورن و لە کۆمیدیا دیل ئارتی و فۆرمەکانی شانۆی چەرخەکانی ناوەڕاست نزیکن. دەکرێ بلێین ئەم جۆرە شانۆ گەڕۆکە، بە ڕەچەڵەك دەگەرێتەوە بۆ شانۆ گەڕۆکەکانی سەردەمی ئەنتیك و شانۆی چەرخەکانی ناواڕست کە بەشێکی زۆری بەرهەمەکان لە گۆڕەپانەکان پێشکەش دەکران.

***ئەی سەبارەت بەجۆری کارکردنی شانۆی گەڕۆك نابێت شکڵێك لە سادەیی و ئاسانی تێدا بێت بۆبینەران؟**

-بێگومان حەتمیەتی کارەکەیان ئەو شێوازە دەخوازێت. من کە باسی پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەر دەکەم، لەبەر ئەوەیە چونکە بینەران لەو جۆرە پێوەندییەدا لە ئەکتەرەوە نزیکن. بینەر بەرامبەر بە

ئەکتەر دادەنیشیٚ، زۆر جاریش بینەران هەر بە پێوەن. لە لەندەن شانۆییەکم بینی، بینەرەکانی بە درێژایی پتر لە کاژمێرێك بەپێوە وەستابوون. شانۆنامەم بینیوە لە ناو پاپۆڕدا نمایش کراوە. رەنگە بکریٚ بڵێم باشترین جۆری شانۆی گەڕۆك کە من بینیبێتم لە کۆڤنت گاردن لە ناوەڕاستی لەندەندا نمایش دەکریٚ. کۆمیدیا وستیلی کۆمیدیا دیل ئارتی لەم کارانەدا شێوازی بالآدەستە.

***باست لە کۆمیدیا کرد یان کۆمیدیای هاوچەرخ ئێستا بەکویٚ گەیشتووە، چونکە لای ئێمە زۆر جار کۆمیدیاو تەهریج تێکەڵاوکراوە؟**

-خۆی شانۆی کۆمیدی زۆر روون وئاشکرایە، شانۆی تەهریجیش( ڤارس) بەهەمان شێوە. (ڤارس) زەق ترین شێوازی شانۆی تەهریجە. ئەمجا یەکیٚ لە فۆرمە بەناوبانگەکانی کۆمیدیا ڤۆدڤیلە. کە دەبیٚ لە گەڵ ڤارس تێکەڵی نەکریٚ. ئەکتەری جدی تێدەگات و هێڵی جیاوازی نێوان کۆمیدیای جدی و تەهریج لە کویٚ دایە. هەروەها لە هێڵی جیاوازی نێوان (ڤارس و ڤۆدڤیل) دا.

ڤۆدڤیل فۆرمێکی گرنگە، قوتابی لە ئەکادیمیای شانۆ لە رووسیادا دەیخوێنی و بە پراکتیك، لە شێوەی دەق و لە شێوەی ئیرتیجالیشدا،کاری لە سەر دەکات و پیادەی دەکات. ئەم چەمکە بنەمای کۆمیدیایە وگەلیٚ لە شانۆنامە کۆمیدییە بە ناوبانگەکان سەر بەم تەرزەن.

ڤۆدڤیل یانی ئەو کۆمیدیایەی کە لە سەر فیکرەی بە یاغنیش چوون و بەد حاڵی بوون لە مەبەستی کەسانی دی بنیات دەنریٚ. بۆ نموونە

دوو کەس یەك دەگرن، کێشەیەك لە نێوانیان دروست دەبێ لە بەر ئەوەی بە هەڵە لە یەك گەیشتوون. شانۆنامە کورتەکانی چیخۆڤ تییاندایە کە لە سەر شێوازی ڤۆدڤێل نووسراون. شانۆنامەی خوازبێنی چیخۆڤ نموونەیەکی باشی کۆمیدیای ڤۆدڤیلە. ڤۆدڤیلەکەی لە وەدایە کە لۆمۆڤ دێ بو لای باوکی ناتالیا بۆ خوازبێنی، بەڵام ئەم وناتالیا پێیان وایە هاتووە دەربارەی مولك و ئەرزە شەڕیان لە گەڵدا بکا. پشکنەری گۆگۆل نموویەکی دیکەی ڤۆدڤیلە، کە هەموو وا دەزانن خلیستاکۆڤ پشکنەرە، تاکو نامەی پشکنەری راستەقینە دەگات. شانۆنامەی خولە چەخماخەی سمکۆ ناکام نموونەیەکی دیکەی ڤۆدڤیلە.

کۆمیدیاو تراژیدیا گوزارشت لە جەوهەری مرۆڤ دەکەن.، بەڵام ئەرکی کۆمیدیا لەتراژیدیا قووڵترو قورسترە، شانۆکاران، ئەگەر پەنا بۆ ڤارس نەبەن کەمتر دەرەقەتی دێن، زۆر جار ئەکتەری کۆمیدیا کە خۆی بۆ بینەران شل دەکا و دەیەوی هەرچۆنی بووە بیانهێنێتە پێکەنین، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ دەخزێتە ناو تەهریجەوە. بە تایبەت ئەگەر ئەکتەرەکە ئەکتەرێکی کۆمیدی ناسراو بێ، کە بینەران هانی دەدەن ستیل بگۆڕێ. من لە روسیادا ئەکتەرێکی کومیدی بە ناوبانگ لە لام رۆڵی دەبینی، ئەم ئەکتەرە لە رێگای تەلەڤیزیۆنەوە هەموو پیتەربورگ دەیانناسی، لە شانۆنامەی گەمە بە ئاگری ستریندبێرگدا رۆڵەکەی سەد لە سەد جیاواز بوو، زۆر باشی نمایش دەکرد، لەم رۆڵەشدا کۆمیدیایەکی سووك هەیە، بڵێین کۆمیدیای ستریندبێرگ، بەڵام بینەران

لێ ندەگەڕان، دەیانوویست بەو شێوە کۆمیدییە نمایش بکات کە پێشتر بینیویانەو وحەزی لێ دەکەن. دەمزانی ئەکتەرەکە هەندێ جار توانای بەرگری نەدەماو توزێك دەخزایە ناو ڤارسەوە.

هەندێ جار سنووری نێوان کۆمیدیای جیدی و تەهریج یەك تاڵە دەزووە. کۆمیدیا سەختترە لە بەر ئەوەی دەبێ لە سروشتی ئەکتەردا فۆرم و شێوازێکی خۆڕسکانە هەبێت کە گوزارشت لە کۆمیدیا بکات، بەهرەو شێوازێکی سروشتی . کە تا ئێستا بە تەکنیك خەلق نەکراوە، پێم وایە دەتوانیت شێوازێکی تراژیدی لە ئەکتەرێکی کۆمیدیدا بچێنیت، بە پێچەوانەوە زەحمەتە شێوازێکی کۆمیدی لەئەکتەرێکی تراژیدی بچێنیت .

کۆمیدیا لەسەرەتای شانۆی مۆدێرنەوە تا دێ گرنگ تر دەبێ. لەوکاتەوەی شانۆی مۆدێرن لەدایك بووە بەهاو نرخی کۆمیدیا لەبەرزبونەوەدایە، ئەمەیش لە وەدا بەدی دەکرێت کە شانۆی سەدەی بیستەم شانۆی جیاوازیو گرۆتێسك ولامەعقول وساتیر وموبالەغەیە. ئا لەوێدا کۆمیدیا زۆر دەوردەبینێت. چونکە شانۆی سەردەم یان شانۆی مۆدێرن تا پۆست مۆدێرنیزم، شانۆیەکە بناغەکەی لەسەر جیاوازی، وبەشێوازیکی تر لەسەر گرۆتێسکی میرهولد و نامۆبوونی بریخت و لامەعقوولیەتی بێکێت ویونسکۆ و نووسەرانی دیی لامەعقوول دەڕوات، لای میرهولد کۆمیدیا گوزارشتێکە لە دژاودژی فۆرم و ناوەڕۆك یان نەگونجانی فۆرم و ناوەڕۆك یان نەبونی یەك هێڵی و یەك ڕەنگی و بوونی چەندڕەنگێکە، ئایا کۆنتراستە یان هاڕمۆنیە

گرنگ نیە. بەهەمان شێوە بڕوانە بریخت چۆن لە (نامۆبوون )دا باسی کۆمیدیا دەکات. حاڵەتی (نامۆبوون ) لە کۆمیدیا دروست دەبێت، لەهەمان کاتدا ئەگەرسەیری شانۆییەکانی بیکێت  و ژان ژینیەو ئەدامۆف بکەین دەبینین کۆمیدیا لەمەسەلەی وجودی ئینساندا چ جەوهەرێکی فەلسەفی هەیە. ئەمە هەنگاوە نوێیەکانی کۆمیدیایە لە شانۆی ئەمڕۆدا، جگە لە کۆمیدیا لە کلاسیکدا کە خەڵك ئێستاش چێژی لێ دەبینن، هەروەها فۆرمە باوەکانی خۆی کە لە شانۆی کۆمەڵایەتی و شانۆی خێزاندا رۆڵێکی گەورەی هەیە.

*ببورە تۆ لە چاوپێکەوتنێکی تردا شانۆی عەرەبی بەسەلەفی  ناودەبەیت ئەتوانین بزانین مەجرای ئەم بۆچونەی  تۆ باگراوەندەکەی چی یەو بۆچی دەگەڕێتەوە ؟لەکاتێکدا تۆ هەزارویەك شەوەت هەڵبژاردوە کە ڕەگێکی عەرەبیە؟



دیمەنێك لەشانۆیی هەزارویەك شەوە

-نازانم وتومە سەلەفیە؟ (بەپێکەنینەوە) بروا ناکەم چوونکە من پێم وانییە شانۆی عەرەبی هەبێ بە مانای بەشێکی گرنگی ژیان.

بۆ تێکستی هەزارو یەك شەوە ڕەهەندێکی تری هەیە،من وای دەبینم هەزارویەك شەوە تەنها کولتوورێکی عەرەبی نییە، بەڵکو ئەفسانەگەلێکی ڕۆژهەڵاتیە، بڕواشم وایە چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە بەشی هەرە زۆری لە فارسیەوە وەرگیرابن. بەشێکی دیکەی لە ئەفسانەی چینی و هیندی و میللەتانی دنیاوە وەرگیراوە. کێ‌ئەڵێ لە کوردیشەوە وەرنەگیراوە. چوزانین! کەس هەیە ئەمەی پشت ڕاست کردبێتەوە؟

من رام وایە هەزارو یەك شەوە کولتورێکی بە ناوەڕۆك ڕۆژهەڵاتیە و بە فەزایەکی جیهانیەوە، چونکە فەزاکانی ئێران وعێراق و سوریاو تورکیای و بەلقان و یۆنان وچین و زۆر وولاتی تر دەگرێتەوە، ئەوەندەیە بەزمانی عەرەبی نووسراون.

بەڵام ئەم دەقەی کە من کارم لەسەر کردووە دەقێکی ئینگلیزیە، چوونکە درامانووسێکی ئینگلیز، دومەنیك کوك نووسیوویەتی وهیچ پێوەندییەکی بە شانۆی عەرەبیەوە نییە. ئێستا ئەگەر نووسەرێکی ئینگلیز شانۆنامەیەك دەربارەی خانزاد بنووسێ، خۆ شانۆنامەکە ناکرێ لەسەر ئەدەبی کوردی بژمێردرێ.

***ئەی هەست ناکەیت ڕۆژهەڵات پڕن لەم ئەفسانەو داستانە کۆنانە؟**

-بەڵێ زۆر، من بۆ خۆم زۆر حەز لە بابەتی ڕۆژهەڵاتیانە دەکەم و تەنانەت دەربارەی ڕۆژهەڵاتگەری دەخوێنمەوە، لە تەرتووف مۆلێر و لە

سەمومی ستریندبێرگدا، کارم لەسەر ئەو چەمکە کردوە. کاتی خۆی کە لە زانکۆی لەندەن قوتابی ماجستێر بووم، لەگەڵ چەند شانۆکارێك هەوڵماندا تیپێکی شانۆیی دروست بکەین، تیپەکەشمان دروست کرد کە تایبەت بوو بە شانۆی رۆژهەڵاتی وناویشمان نا (ئاڤێستا)، دەبوایە (تەرتوف) نۆبەرەی بەرهەمەکانمان بوایە، بەڵام بەداخەوە لەکارو پرۆژەکەماندا هەڵەیەکمان کرد ئەویش ئەوەبوو، پرۆژەکە کەسانێکی سیاسی تێکەوت کە یەکسەر پرۆژەی تیپەکەیان بەرەو سیاسەت برد، من بەجێم هێشتن و ئەوانیش تا ئەمرۆ هیچیان بەهیچ نەکرد.

***پێمان وایە تەنها ناوی کولتورو باسکردن لە ئەفسانە بەس نیە بۆ کارکردن لە پروژەی شانۆیدا ؟**

—بەڵێ زۆر ڕاستە، ئەم پرۆژانە عەقڵێکی دەوێت تەوزیفی بکات، تۆسەیری پیتەر برووك بکە چەند کاری لەسەر مەهاباراتا کرد، چەندکاری لە سەر کۆنفرانسی باڵندەکان کرد.ئەمە عەقڵیەتێکی دراماتۆرگیانەی باش و دەرهێنەری باشی دەوێت، دراماتورگەکەی برووك یەکێکە لە دراماتورگە دەگمەنەکانی ئەوروپا. بەوە نابێت شتی ڕوکاریو ڕوونی کولتووری وەرگریت، یەکسەر بتەوێت لاسایی (پیتەربروك یان ئاریان مونچکین) بکەیتەوە، یان لاسایی (باربا)بکەیتەوە، تەوزیفی ئەمە دەکەوێتە سەر ئەزمونی شەخسی خۆت وبەچ میتۆدێکیش کاردەکەیت.



دیمەنێك لەشانۆیی تەرتوف

***ئەی سەبارەت بەتەقلیدکردن و چێژ بینین پێت وایە ئەوبەرهەمانە لە ڕۆژهەلاتەوە بەرهەم هاتووە یان سەرچاوەی سەرەکیان ڕۆژئاوایە ئایا لێرە لە ڕۆژهەلات زیاتر تەلەقیدەکرێن یان لە ڕۆژئاوا ؟**

–ئەویش دەکەوێتە سەر شێوازو تەکنیکی بەرجەستەکردن و شمولیەتی ئەو میتۆدەی کە بەکاری دەهێنیت، وەك نموونە سەیری (برووك)بکە چۆن توانیویەتی (مەهاباراتا)یەکی هیندی بکات بە گەورەترین ئەزمونی شانۆیی سەدەی بیستەم، کەس لاری لەوە نییە کە مەهاباراتا یەکێکە لە نمایشە گەورەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. هەروەها زۆر دەرهێنەری دیکەش لە ئەوروپا لەدەق وئەفسانەی ڕۆژهەلاتیانەدا بەم فۆرمە کاریان کردوە، گەر گیلگامیش وەربگریت کەکۆنترین (ئیپۆس) ی سەرزەویە، گەلێك کۆنترە لە ئیپۆسەکانی یۆنان. عیراقییەکان گەلێ شانازی بە گیلگامیشەوە دەکەن، بەلام تا ئێستا نەیان توانیووە شانۆنامەیەکی باشی دەربارەی بنووسن. بەلێ زۆریان نووسیوە بەلام هیچیان خۆیان ڕانەگرتوە. کە چی شانۆی نەتەوەیی فینلەندی لە حەفتاکاندا بە دراشتنەوەو و دراماتورگی خۆیان دەقێکی باشیان لەسەر نووسی. بو مامەلەکردن لە گەلێ ئەفسانە پێویست بە دراماتۆرگێکی کارامە و پیشەکار هەیە کە بتوانی لە فۆرمێکی درامیدا دایبڕێژێتەوە، ئەوەش کارێکی ئاسان نیيە. ئەگەر نەتبێ یانی نیتە. ئێمە دراماتۆرگی پیشەکار و داهێنەرمان نییە، سەیری هەزارو یەك شەوە بکە چەندین جار کراوە بەشانۆگەری وچەندین شانۆگەری لەسەر نوسراوەو چەندین دەرهێنەرو

نوسەر خۆیان لێداوە، هەریەك لەچیرۆکەکانی وەك (عەلادین و تەبریزی و عەلی باباو سیندیباد دووخوشکەکە )، هەریەکەیان بەعەرەبی چەندین شانۆنامەیان لەسەر نوسراوە، بەڵام دراماتورگێکی ئینگلیز (دومەنیك كوك)دێت بە دراماتورگیو بە شێوازێکی وەستایانە چوارپێنج داستان لەیەك ئەدات و دەیکاتە بە بەرهەمێکی درامی کە ئێستا لە چەند وولاتێکدا پێشکەش کراوە ودەکرێ. چوونکە شانۆنامەکەی كوك بنەمای درامای تێدایە (ستیل، گێڕانەوە، کردار، حیوار، تەکنیك، کارەکتەری سەرنج ڕاکێش وخەیاڵ)،بەڵام عەرەب کە کوتاڵەکە هی خۆیانە تاکو ئێستا نایاتوانیوە شانۆنامەیەکی ئاوای لەسەر بنووسن.

## بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاینده:

-بیبلۆگرافیای گۆڤاری ئاینده چوار ساڵی ئاینده (1).
-ساباتی چیرۆك.
-خەیاڵو رۆح.
-بیبلۆگرافیای گۆڤاری ئاینده ژماره (48-58). (2).
-گلگامیش.
-دەریاوانه خنکاوەکه.
-زایزۆنی سێیەمی زناك.
-کۆتا وەسیەتی بکوژێك.
-دەرهێنانو شانۆی مۆدێرن

---

کتێبی داهاتووی ئاینده:
-کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێردراوە.